# بنیاتی وەسف لە ڕۆمانی ( هێلانە ) دا

م. ی. کەیفی ئەحمەد
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی کوردی

## پێشەکی

وەسف یەکێکە لە توخمە گرینگەکانی بنیاتی دەقی ڕۆمان. ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەر دەگێڕێ لە چوار چێوەی ئەو شتەی کە وەسفی دەکات. پابەندە بەگواستنەوەی هەموو شتە پاژەییەکانی دنیای دەرەوە و ناوەوە، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە پێشکەشی خوێنەری دەکات. هەروەها سورە لەسەر وێناکردنی ئەو شتەی کە وەسف کردنەکە دەیگرێتەوە بە وێناکردنێکی ورد، جا شێوەی دەرەوەی بێ یان ناوەوەی . سەرەڕای ئەوەش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی گێڕانەوە، بە یەکانگیری لەگەڵ گێڕانەوەدا پێکهاتەیەکی پتەو بۆ دەقی ئەدەبی دروست دەکەن. وەسف بە بەشێك لە ڕووداو دادەنرێ، لەبەرئەوە لەسەرەتا شتەکە لە چاوی کەسێتییەکە دەبینین دوور لە چاوی نووسەر، چونکە نووسەر بەشداری ڕووداو ناکات بەڵکو تەنها وێنای دەکات بۆمان . لەبەر ئەوە واباشە کە وەسف لەسەر زاری کەسێتییەکان دەرببڕدرێت، چۆن دەیبینێ و پێی کاریگەر دەبێ بەو شێوەیە بە راستگۆیانە دەیگوازێتەوە بۆ خوێنەر.

هەندێ جار وەسف تەنها بۆ ڕازاندنەوەی دەقەکەیە و بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکی هەبێت، لەم حاڵەتەدا هیچ دەور نابینێ و دەبێتە شتێکی زیادە. هەندێ جاریتر بۆ ئەوەیە کە بەشێوەیەکی دوورودرێژ (تەفسیری) وەسفی وردو درشتی شتەکان بکات. جاری واش هەیە وەسفەکە کورتە و لەگەڵ دیالۆگەکان تێکەڵ دەکرێ ، بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ وەسفی شتەکان دەکرێ و  دەوەستێ و دیالۆگ دێتەوە پاشان لە هەر کات و شوێنێك  پێویستی کرد وەسف دێتەوە ناوەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە لەڕووی بابەتەوە سنوور دارمان کردووە، تەنها باسی یەکێك لە هونەرەکانی گێڕانەوەمان کردووە کە ئەویش بنیاتی وەسفە لە ڕۆمانی (هێلانە)ی مامۆستا (حوسێن عارف)دا .

ئامانجی لێکۆلینەوەکەمان ئەوەیە کە ئەوە بسەلمێنین و بخەینە رووکە تا چەند هونەری وەسف کردن لە گێڕانەوەی ڕۆمانی (هێلانە)دا بەکار هاتوە و تا چەند نووسەر تێدا سەر کەوتوو بووە.

لێکۆڵەر هەردەم بەدوای ڕێباز و میتۆدێکدا دەگەڕێت کە لەگەڵ بابەتەکەیدا بگونجێت، ئەم بابەتەش بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەکادیمی بەڕێوە بچێت، ئێمە دوو جۆر میتۆدمان بەکار هێناوە ئەویش میتۆدی ( وەسفی و شیکاریی)ە.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان و ناوە ڕۆکی باسەکە پێکهاتوە .لە پێشەکیدا کورتەی باسەکە و سنووری لێکۆڵینەوەکە و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە و میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان باسکردوە. پاشان ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە روو کە پێك دێت لە دەروازە و دوو بەش. لە دەروازەدا وەسف بە شێوەیەکی گشتی خراوەتە روو، بەشی یەکەم پێکدێت لە چوار تەوەر، تەوەری یەکەم: وەسفی جوڵاو ، تەوەری دووەم: وەسفی وەستاو، تەوەری سێیەم: وەسفی ناوەکی، تەوەری چوارەم: وەسفی دەرەکی . بەشی دووەمیش پێکدێت لە

چوار تـەوەر . تـەوەری یەکـەم: وەسـفی کارەکتـەر ، تـەوەری دووەم: وەسـفی شـوێن، تـەوەری سـێیەم: وەسـفی سروشت، تەوەری چوارەم: خەیاڵ و ئەندێشە، کە بەشێوەیەکی تێر و تەسەلی باسکراون و لەبارەیانەوە دواوین.

## دەروازە:

وەسف بە واتای بەرجەستەکردن یان خستنە ڕووی هەندێ خەسڵەت لە نزیکەوە بە شێوەیەك وێنەیـەك لای خوێنەری دەقەکە لەبارەی وەسف کراوەوە دروست ببێت، لەم بارەیەوە( جیراڵد بـرنس ) دەڵێـت:(( وەسـف، وەکو تەکنیکێکی تایبەت سستی گێڕانەوە، بریتی یە لە خستنەڕوو و پێشکەشکردنی شت و بوونـەوەر و ڕووداوەکان، لـەو شـوێن زەمینـەی بوونیـان و لـە دەرەوەی زەمـەن و ئـەرکی زەمـەنیان، لـە وەسـتانیان لـە جیـاتی بـەردەوام بوونیـان))[(١)] ، وەسـف ئـەوە ناگەیـەنێ هـەرکاتێ نووسـەر ویسـتی بـە ئـارەزووی خـۆی بیهێنێتـە نـاو گێڕانـەوە و هەرکاتێکیش ویستی لاییبات، بەڵکو یەکێکە لەو ئامراز و پێداویستییانەی کە نووسەر پێویستی پێـی هەیـە و لـە کاتی شیکردنەوە و خستنە ڕووی پاشخانی کەسێتیی و ڕووداوەکان بـەکاردەهێنرێت، چونکە لـە هەنـدێ کـات و شوێن و هەلۆێستدا وادەخوازێت کە وەسفێکی فراوانی ئەو پاشخانانە بکات، یان هەندێ جار تیشك دەخاتـە سـەر وردەکاری و خاڵە بچووکەکان.[٢] دیارە تـەکنیکی بـەکارهێنانی وەسـف لای نووسـەران لـە هـەموو کـات و سـەردەم و شوێنێك وەك یەك نەبووە، بەڵکو تێڕوانینی جیاواز هەبووە لەو بارەوە بۆ نموونە تێڕوانینی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی کۆن بۆ وەسف ئەوە بووە، کە واپێویست دەکات وەسفەکان پلە بـە پلـە، لـە گشـتەوە بـۆ تایبـەت، لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە بێـت، بـە هـەمان شـێوە عەرەبـەکان لـەپێش ئیسـلام و سـەردمی ئیسلامیش هـەمان یاسـایان پـەیڕەو دەکرد.[٣] وەسف لەسەرەتادا مانایەکی تەسك و دیاری کراوی هەبوو، بەستراببووەوە بەدەرخستن و پیشاندانی دیـوی دەرەوە و ڕواڵەتی شتەکان، بەڵام لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانـەی بەسـەر جـۆر و شـێوازی گێڕانـەوەدا هـات و لـەو تەوەرە تەسکەی کە خـۆی بەڕواڵـەتی دەرەوە دەبەسـتەوە دەرچـوو. تـوانی شـۆڕببێتەوە نـاخی شـتەکان و دیـووی ناوەوەیان پیشانبدات، بەم شێوەیە(( وەسـف یەکێکـە لـە تەکنیکـەکانی گێڕانـەوە و پەیوەندیـەکی پتـەوی لەگـەڵ تووخمـەکانی گێڕانـەوەدا هەیە.شاعیر یـان نووسـەر لـە ڕێگـەی وەسـفەوە زانیـاری زیـاتر لـەبارەی هـەر یـەك لـە کارەکتـەر و شـوێن بـە خوێنـەر دەدات ))[(٤)] ، هـەروەها ئـەرکی وەسـف ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـەکی پتـەو بـەناو یەکداچووی بە شێوازی گێڕانەوە و ڕووداوەکانەوە هەیـە و دەبێتـە ڕێخۆشکەر بـۆ ڕووداوەکـان و نووسـەر پشـتی پێدەبەستێت بۆ ئاماژە کردن بە سروشتی ساتەکانی دوایی، یان سروشتی ڕووداوەکانی داهاتوو، بە هۆیـەوە کـەش و هەوایـەکی گونجـاو دروسـت دەکـات بـۆ ڕووداوەکـان.[٥] بـەم شـێوەیە وەسـف ئـەرکێکی گـرنگ دەبینـێ لـە هـەر ڕۆمانێکدا، چوونکە ئەگەر وەسف نەبێ لەوانەیە بابەت و ڕووداوەکان بچنە خانەی وەهم و خەیاڵ و ئەفسانەوە، بەڵام بەهۆی وەسفەوە(( نووسەر بەجۆرێك خوێنەر تێکەڵ بـەجیهانی خـەیاڵی ڕۆمانەکـەی دەکـات، کـە بەچـاوی ڕاسـتی و واقیعـی لـە ڕووداوەکـان و کارەکتـەرەکان بڕوانـێ ))[(٦)]، بـەڵام ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێ کـە وەسـف

---

([١])جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، چاپ خانەی کەمال، ٢٠٠٩، ل١٣٠ .

[٢] د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون للثقافة، بغداد، ٢٠٠١، ص[١٨٤] .

[٣] د. بسمة نهى الشاوي، الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة، مسكيلياني للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، تونس،٢٠١٠، ص[٩٣].

([٤]) سەنگەر قادر شێخ موحەمەد حاجی ، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، دەزگای نوێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم ،چاپ خانەی خانی، ٢٠٠٩، ل١٩٥.

[٥] عبداللطيف محفوظ، وظيفة الوصف في الرواية ، الدار العربية للعلوم ناشرون، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ص[٥٩].

([٦]) جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل١٣٣.

بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ بنەماو بەرنامە هەرکاتێك نووسەر ویستی بەکاری بهێنێت ئەوا بەکاری دێنێ، بەڵکو وەسف پێویستە لە کات و ساتی خۆی و گونجاودا بێتە ناوەوە و نەبێتە شتێکی زیادە و مردوو، چونکە (( زیندوێتی وەسفیش ئەو کاتە دێتەدی، کە گێڕانەوە و گفتوگۆ چیتر توانای پیشاندان و خستنەڕووی ڕووداوەکانیان نامێنێت ))[1] ، لێرەدا دەبێتە دەلیلێك یان ڕێ نیشاندەرێك بۆ خوێنەرەکە، کە لەزۆر شتی پیویستی تری پەیوەندیدار بە کۆی توخمەکانی ناو دەقەکە ئاگادار و شارەزای دەکات، هەروەها(( ئەو ڕووداوانە ڕوونتر دەکاتەوە کەوا خوێنەر لە خەیاڵیدا لێکیان دەداتەوە ))[2]، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەو وەسفە بکەین کە لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکی( سوبحان ) لە ڕۆمانی هێلانەدا، کاتێ وەسفی لوتکەیەك یان شاخێکمان بۆ دەکات، ئەوەمان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو شاخانە چەندە پیرۆزن و چەندە هاوکار و پشتوپەنای میللەتەکەمان بوونە، ئەویش لە وەڵامی( جافر )ی کارەکتەرێکی تری هەمان ڕۆمان، کە شاخەکان بە ئەژدیها وەسف دەکات. دەڵێ:((...چۆن دڵت دێ بەمیش بڵێیت ئەژدیها؟ ...بەڵکو فریشتەیە، باوەشی دایکە هێلانەیە، ماڵە.. ماڵی دووەمت. یەکەمیان لێ وێرانکردیت ئەمیانت ماوە بێسیفەت مەبە، کێ بوو دوێنێ شەو داڵدەی دایت؟ کێیە بە فریات دەکەوێ و لەو ئەژدیهای هەزار سەرە دەتپارێزێ.. ها.. کێ.. هەی بێ ویژدان ))[3]، دیارە ئەم وەسفەی ( سوبحان ) بۆ شاخەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (( زۆر جار ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، شوێنی داڵدەدانی خەباتگێڕان بووە لە ڕۆژگارە سەختەکاندا و لە شەڕی دژ بە دوژمندا تاکە پەناگەی کورد بووە. بۆیە هەمیشە بە سروشت مرۆڤی کورد خۆشەویستیی زۆری هەبووە بۆئەو ناوچانە لەگەڵ سەختی ژیان و گوزەران تیایاندا ))[4]، جالێرەدا کاتێ وەسف ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت لە ناو ڕۆماندا، ئایا دەکرێ نووسەر ڕۆمانێك بنووسێت و خۆی لە بەکارهێنانی وەسف بپارێزێت و پشت گوێی بخات؟ ئەمە پرسیارێکە و لەوانەیە بە مێشك و دڵی زۆر لە خوێنەران یان کەسەکاندا بێت. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەتوانین بڵێن، ئەستەمە هیچ نووسەرێك بتوانێت ئەم تەکنیکەی نووسین فەرامۆش بکات، هەر لەم ڕوانگەیەوەش بە شێوەیەکی دیار و فراوان دەبینین کە(( ڕۆمان یەکێکە لەو بەرهەمانەی زۆر بە چڕ و پڕی وەسفی تێدا دەبینرێت و زۆر بە کەمی نەبێ کارەکتەرێك یا شوێنێك لەناو ڕۆماندا نابینینەوە کە وەسف نە کرابێت ))[5]، لێرەدا بە پێی توانا و بە کورتی گرینگی و ئەرکی وەسفمان خستە ڕوو، دیارە کە وەسفیش لەناو ڕۆماندا یەك جۆر و شێوە نییە دەتوانین چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان بکەین بە پێی چۆنیەتی وەسفەکە، بەگوێرەی توخمە وەسفکراوەکانیش وەکو کارەکتەر، شوێن، سروشت... دەگرێتەوە.

---

([1])جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە ) ی بەختیار عەلی دا، ل١٣١.

([2])پ.ی.د.هیمداد حسێن، دەروازەیەك بۆ ڕخنەی ئەدەبی کوردی، دەزگای نوێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی،٢٠٠٧، ل٢١٦.

([3])حسێن عارف، ڕۆمانی هێلانە، دەزگایچاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ڕوون ، ١٩٩٩ ، ل٢٥٩.

([4]) سەرکەوت عمر ابراهیم ، ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانی هێلانەی (حسێن عارف)دا، نامەی (ماستەر)، زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٨، ل ١٨١.

([5])پ.ی.د.نەجم خالد ئەلوەنی ، کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، دەزگای موزیك و کەلەپوری کوردی ،٢٠٠٩، ل ٢٠٢ .

## بەشی یەکەم: جۆرەکانی وەسف

### باسی یەکەم: وەسفی جوڵاو

زۆرجار گێڕانەوە و وەسف تێکەڵ بە یەك دەبن بە جۆرێك بەناو یەکدا دەچن کە جیاکردنەویان کارێکی گران بێت، بەلاّم بە گوێرەی وەسفی جوڵاو ئەو وەسفەیە کە نووسەر نایە بە شێوەیەکی دوور و درێژ وەسفەکەمان بۆ بکات و گفتوگۆ و دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکان ڕابگرێت، بەڵکو هەردووکیان تێکەڵ بە یەکتری دەکات ، ناوە ناوە وەسف دەکات و پاشان دیالۆگی ئەکتەرەکان دێتەوە ناو، واتە وەسفی کاراکتەرەکان ناکات لە دۆخێکی وەستاو دابن، بەڵکو لە دۆخێکدا وەسفیاندەکات کە دەجوڵێن و کردارەکان ئەنجامدەدەن بەواتایەکی تر هەرکاتێ بەیەکداچوون هەبوو لە نێوان وەسف و گێڕانەوەدا ئەوا ئەو شێوازە پێی دەگوترێت( وێنەی گێڕانەوە )، کە بریتییە لەو وێنەیەی کە کەسێتییەکان دەخاتەروو لە کاتی جوڵانەوەیاندا.[1] دەتوانین بڵێین وەسفی جوڵاو ئەو جۆرە وەسفەیە کە(( تیایدا پاڵەوانەکان لە ڕێگەی وتە و کردارەکانی خۆیانەوە دەخرێنەڕوو بێ ئەوەی گێڕەرەوە هیچ قسەیەکیان لەسەر بکات ))[2] ، کە ئەمە شێوەی نمایشیشی پێ دەڵێن، کە گێڕەرەوە لێرەدا هەمان شتزانەو تەنها وەسفی شتەکان یان کاراکتەرەکان دەکات لە کاتی جوڵانەوەیاندا پاشان گفتوگۆ و گێڕانەوەو وەسف شانبەشانی یەکتر ڕووداوەکان بە ڕێوەدەبەن، ئەم جۆرە وەسفە لەلایەن نووسەران و ڕەخنەگران ناوی تری پێدەڵێن وەك(( وێنەی گێڕانەوە یان وەسفی کردار دەکات ))[3]، ئەوەی کە لێرەدا پێویستە بیزانین ئەوەیە، کە ئەو دیمەنە جوڵاوانەی وەسف و دیالۆگی ئەکتەرەکان لەخۆ دەگرێت یان لە ڕێگەی گێڕەرەوە قسەی ئەکتەرەکان دەگێڕدرێتەوە ئەوا(( ڕاستەوخۆ گێڕەرەوە ئامادەیی هەیە، ئەویش لە ڕێگەی وەسفی بارودۆخی دەروونی ئەکتەرەکان))[4]. لە ڕۆمانی( هێلانە )دا چەندین وەسفی جوڵاو لەلایەن نووسەرەوە بەکار هاتووە، کە ئەم جۆرە وەسفە باڵی بەسەر ڕۆمانەکەدا کێشاوە و لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر گرنگی پێدراوە لە لایەن نووسەرەوە، بە شێوەیەك وایکردووە کە ریتمێکی خێرای بەو دەقە بەخشیوە و بووە بە دەقێکی زیندوو و جوڵاو کە دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانیان بکەین. بۆ نموونە هەر لە دیمەنەکانی سەرەتای گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەم جۆرە وەسفە بەم جۆرە بەکار هاتووە، وەك لە دیمەنی ناشتنی تاوانبارەکان دەڵێت:(( جافر ملی دا. ئەم چاوێکی گێڕا و بنکەندێکی، لەو نزیکانە لە دامێنی ملەی حاجی سوبحاندا دیاریکرد. لاشەکانیان بۆ بەکێشك کردو گلۆخۆڵیان بەسەردا دارماندن. ئیترهەردووکیان هەوراز سەرکەوتن. ئەم لە ئاستی ملەدا، بە دیداری گاشەبەردە دێرینەکەی شاد بۆوە...))(هێلانە، ل٧). هەروەها لەو دیمەنەی کە لە بەیانییەکی خۆش و ئاسوودە بەخشی نێو ماڵێکی پڕ لە هیوا و ئاوات و ئارامی و ئاسوودەی گوندی حاجی سوبحان، کە (سوبحان) لەگەڵ ( غوربەت )ی خێزانی کاری سەرجێی دەکەن و پاشان بەرەو سەفەرێکی کورتی دووشەوە و بە ئومێدی خێرا گەرانەوە لە ڕواڵتدا، بەلاّم لە نادیار و چارەنووسدا سەفەریکی دوورودرێژو لەیەکتر دابڕانی هەتاهەتایی و دوادیداری ئەو خێزانە خۆشبەختەیە. بەم شێوەیە وەسفی ئەو دۆخە دەکات(( ئەم لێوی نیشاندە سەر لێوی و بواری تەواوکردنی قسەکەی لێبڕی. گڕی ئارەزووی جووتبوونەوە، کلپەی سەندبۆوە. گۆناو لامل و بەرمەمانی، دانەوە بەر لێزمەی ماچی بڵێساوی. بە ئارەزوویەکی هێندە ئالۆشاوییەوە بە خۆیەوە شەتەك دەدا،

---

[1] احمد عوين، دراسات في السرد الحديث والمعاصر، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ص٧٢.

([2]) جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل١٢٤.

([3]) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

([4])سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

دەتووت دەیەوێ هەردوو جەستە بە ناو یەکدابتوێنێتەوە. غوربەتیش پڕبەپڕی شالاّوەکەی ئەم، جۆشی سەندو تێك ئالاّنەوە ...

غوربەت بەدەم قسەکەیەوە، پێخەفەکەی لاداو خۆی خستە سەر باری دانیشتن. ئەم نەی هێشت و ڕایکشاندەوە. ئێستا لە شێکی تا بەر مەمکان ڕووت بە تەنیشتیەوە دەبینێ. ئێستا ئەم هەڵساوە دانیشتووە سەیر دەکات. وەك یەکەمجاریبێ ئاوەها بە رووتی بیبینێ، بە پەرۆشەوە پیایدا هەڵدەڕوانی. کراس لە ئاستی مەمانیدا گرمۆڵە بووە. دەست دەبا گرمۆڵە بەرەو سەروویان رادەماڵێ. بەوەشەوە ناوەستێ کراسی لەبەردا ناهێڵێ....

- مەجولێ ..ئە ئاوا ڕاکشێ و مەجولێ !

غوربەت خواستەکەی بەجێهێنا لەسەر گازی پشت بێجولە ڕاکشا. بزەیەکی گەشی تێکەڵ لە شادی و شانازی، بەسەر لێویەوە دەدرەوشایەوە. ئەم بە جۆرێ کەوتە بینا گێڕان بە یەك بە یەکی ئەندامانی لەشیدا...))( هێلانە، ل۹ ،۱۰).

لێرەدا ئەم وەسفە وەسفێکی جولاّوە، چونکە هەم وەسفی چۆنیەتی هەڵسو کەوتی ئەو دوو کاراکتەرەمان بۆ دەکات کە چۆن یەکتری هەڵدەسوڕێنن و کارەکە ئەنجام دەدەن. لە هەمان کاتیش وت و وێژی نێوانیان فەرامۆش نەکراوە و هەموو قسە و وتوێژەکانیان دەخاتە روو کە گوزارشت کردنە لە بەردەوامی رووداو و گێڕانەوە، کەواتە ئەم دوو کردەیە وەسف و گێڕانەوە هەر یەکەیان ئەوەی تر تەواو دەکات و یەك دەبێتە ڕوونکەرەوە بۆ ئەوەیتر، نووسەرلەم وێنەی وسفییەدا کاراکتەرەکانمان لە(( دۆخی جولاّنەوەدا پیشاندەدات، لەبەر ئەوەشە بزاوتی گێڕانەوە بەرەوپێش دەچێت )).[1] ئەم دیمەنەش لە لاپەڕە ( ۹ – ۱۳ ) دەگرێتەوە .

وە لە دیمەنێکی تردا کاتێ کە دەستەی پارتیزانەکان بە سەرپەرشتی(حەمە صالح)ی سەردەستەیان کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی نەخشەی چالاکییەك بکێشن و چۆنییەتی لێدان و دابەش بوونی هەریەکەیان و رۆڵی هەریەکەیان چی دەبێت، هەر لەوێدا ناوی ئەو کەسانەی کە بەشداری چالاکییەکە دەکەن ئاشکرا دەکات، بۆ ئەوەی خۆیان ئامادەبکەن، بەلاّم کاتێ دەردەکەوێت کە ناوی ( سوبحان )ی تێدانییە زۆر نیگەران دەبێت هۆکارەکەشی دەخاتە ئەستۆی هەردوو هاوڕی نزیکەکەی( جافر و حەمۆل )، بۆیە هەموو هیوا و پلانێکی کە چەندین مانگە داینا بوون. ئەو رق و ئازارەی چەندین مانگە پێوەی دەتلێتەوە و دەیەوێ بیانکاتە بورکانی تۆڵە و بەسەر دوژمنەکانیدا بیتەقێنێتەوە، بەلاّم لە پڕێکدا دەبن بە بلقی سەر، بێ هیوادەبێت بۆیە بە روویاندا دەتەقێتەوە. نووسەر ئەو دیمەنەمان بەم شێوەیە بۆ وێنا دەکات،(( حەمە صالح وەك تەنگەتاو بوو بێ بەتەمای بەهاناوە هاتنیبێ، دیسانەوە روانییەوە جافر و حەمۆل. جافر لای کردەوە بەلای ئەمداو ویستی قسەیە بکاو پاشگەزبۆوە. سەری داخست و خۆی لە گرفتەکە دەرهاویشت. حەمۆل خۆی ئازا کرد. بەجۆرە تەوسێکەوە، سەرنجی لەنێوان رووخساری ئەم و هەردوو لاقیدا هێناو برد، کە تاقە دوو لاق بوون لەناو بیستدا درێژ بوو بوون و ئەوانی تر هەموو هەڵکشا بوون. ئەم هەستەکەی پێشووی بەرامبەر جافر، حەمۆلیشی گرتەوە... تیتر گەیشتە تینی. بەرلەوەی ئەوان هیچ قسەیەکی تر بکەن، بە پرتاو راپەڕییە سەرپێ. دەرەلنگی شڕواڵی هەتا سەروو ئەژنۆ هەڵکشاند. بەرقەوە دەستی کردە دانیشتنە سەر چیچکان و هەڵسانەوە سەرپێ. هەر لەیەکەمجارەوە قەتماغە درزیان بردوو لەبەریەك هەڵوەشان. خوێنێکی ئاڵی گەش، بەسەر لولاقەکانیدا چۆڕاوگەی بەست. هەموو لە کردەوەکەی سەرسام بوون. جافر راپەڕی و راگیری کرد. دەیویست داینیشێنێتەوەو دانەدەنیشت ))(هێلانە، ل٢٦٦) . لێرەدا بە شێوەیەکی زۆر زیندوو وەسف و رووداوەکان تێکەڵکراون و هاوشانی

[1] کاروان مەهدی عوسمان، تەکنیکی وەسف لە رۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، نامەی ماستەر زانکۆی کۆیە کۆلێجی زمان، ۲۰۰۸، ل۲۲ .

یەکتر دەرۆن، وەك وێنەیەکی واقیعی ژیانی ئاسایی رۆژانەی دەبینین ئەمەش لەنێو رۆماندا کارێکی ئاسایی و رێگەپێدراوە، چونکە هەندێ نووسەر شێوازی چیرۆکی بەکاردەهێنن، وەك کاراکتەر و رێزبەندی بەدوای یەکداهاتنی رووداوەکان لەگەڵ گفتوگۆ و کات و شوێن و رووداو ئەمەش دەبێتە هۆی وێنەگرتنی تابلۆیەك کە هەموو توخمەکانی تێدایە، کە ژیان و جوڵە لەخۆ دەگرێت.[1] هەروەها لەو دیمەنەی نووسەر یان گێرەرەوە وەسفی ئەشکەوتی کونەکەمتیار دەکات و دەڵێت:(( ئەوێ ئەشکەوتی( کونەکەمتیار )ە کە پێشتر جافر لەسەر داوای ئەم، هۆشیار و پشتیوانی ناردبوو، بچن لەوێ چاوەڕوانی ئەمان بکەن. ئیتر جافر هەنگاوی سەر خست و جێی هێشت. ئەمیش کلاشینکۆفی لە شانی داگرت و لەگەڵ ئەو تەورەدا، کە لە شەوێوە بە دەستییەوە گرتبوو، لە تەنیشت گاشە بەردەکەوە پاڵی خستن. دانیشتە سەر چیچکان و بە لەپی دەست، پووش وپەڵاش و خۆرەکەی لێلادا. تەلەبەرد هێشتا توێژاڵێك خۆڵە ئاردی بەسەرەوە مابوو. چەمکی پشتێنی لێخستەکار و گەردی پێوە نەهێشت. بە دەستوری جارانی، دانیشت و پاڵی دایەوە. وەك ئەو جارانەش، جگەرەکەی ئاگردا و یەکەم مژی لێدا. بەڵام ئەم یەکەم مژەی ئێستا، پێچەوانەی ئەو جارانەوە، مژدانە لە ئەشکەنجەیەکی جەرگبڕی لە بننەهاتوو...))(هێلانە، ل٧-٩ ). هەروەها کۆتایی رۆمانەکەشی هەر بەم جۆرە وەسفە کۆتایی پێهێناوە، کاتێ هەردوو هاورێی دێرن و پارتیزان و شۆڕشگێڕی ئەمرۆ چالاکییەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدەدەن، هێلانە جوان و ئاوەدان پڕ لە خۆشی و ئاوات و خەون و خولیای جاران و وێرانەکەی ئەمرۆیان بەجێدەهێڵن و رووەو چیاو دووندە بەرزەکان و هێلانە ئاوەدانەکەی ئەمرۆیان، کە لەوێوە چاوەڕوانی ئاوەدانکردنەوەی هەموو هێلانە وێرانەکانی دەستی دوژمنی لێدەکرێت بەرێدەکەون. کەوێنا و وەسفەکەی بەردەوامی و خۆڕاگری و تۆڵە سەندنەوەی لێچاوەڕواندەکرێت(( چزوویەکی ترەو رایدەچەنێنێ. دەست دەداتە تفەنگ و تەورەکەو خۆی دەداتە سەرپێ. بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی ساردی پڕ حەسرەتەوە، هێلانەی خاپوورکراو جێدێڵێ و بەرەو، لانەی پشت و پەنا هەنگاو سەردەخا)). (هێلانە، ل٢٩٨ ).

بەم شێوەیە چەندین دیمەنی تری جوڵاو لە رۆمانی هێلانەدا هەیە، کە لێرەدا ناتوانین یەکە بە یەکە بیانخەینە روو و شیانبکەینەوە بۆیە تەنها ئاماژەیان بۆ دەکەین. وەك دیمەنی (سوبحان و جافر) لە ژووری ماڵی پورە (عەتاو) لاپەڕە ( ٩١ ،٩٢ ). هەروەها لە دیمەنێکی تری هەمان ژووردا، لە نێوان (سوبحان و جافر و کامەران) لا پەڕە ( ١٠٨).هەمان ژوور لە نێوان ( سەبحان و کامەران و جافر ) لاپەڕە ( ١٢٤).دمەنی ماڵی پوری دلێر لە چەمچەماڵ، لە نێوان( خاڵە عزیز و سوبحان و شادمان و دلێر) لاپەرە( ١٩٣ — ٢٠٠) .دیمەنی رۆیشتنی ( سوبحان و جافر ) بۆ پێشمەرگایەتی لە نێو شاخ و دۆڵەکان. لاپەرە (١٣٩ — ٢٤١).دیمەنی ناو ئەشکەوت لە نێوان ( سوبحان جافر). لاپەرە ( ٢٤٧)...تاد.

## باسی دووەم: وە سفی وەستاو

لە باسی پێشوو وەسفی جوڵاو مان بۆ دەرکەوت بە پێی توانا تیشکمان خستە سەر، کە وەسفی کارەکتەر و شوێن و شتەکان دەکات لە حاڵتی جوڵانەوەیاندا، بەڵام وەسفی وەستاو بە پێچەوانەی وەسفی جوڵاوە، کە بە شێوەیەکی تەفسیری و درێژ وەسفی شتەکان دەکات و لەباری وەستانیاندا، لە کاتێکدا کەوا وەسفی شتێك یان شوێنێك یان رووکاری دەرەوەی کاراکتەرەکە بێت، بەبێ ئەوەی ئەو وەسفە گوزارشت لە رووداوەکان بکات، بۆیە چیرۆکەکە

[1] د. بسمة نهی الشاوي، الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة، ص١٢٠ .

بەتەواوی دەوەستێت.[1] هەروها لەو كاتەدا بە ئاسانی دەتوانرێت وێنەی وەسفی وەستاو یان( وەستانی وەسفی) جیابكرێتەوە یان دەربهێنرێت لە بینای رۆمانە تەقلیدی و واقیعیەكان بێ ئەوەی ئەو جیاكردنەوەیە كاربكاتە سەر جوڵەی گێڕانەوە و پەرەسەندنی رووداوەكان... وێنەی وەسفی وەستاو تەكنیكێكە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیانە و تێروانینی دەرەكی لە بینای رۆمانی نوێ سەرچاوەی گرتووە.[2] كەواتە وەسفی وەستاو بریتییە لە وەستانی رووداوەكانی پەرەسەندوو بۆ پێشەوە بە ئامانجی پێشكەش كردنی دیمەنێكی مەبەستداری بیركردنەوە یان شتێكی لەو شێوەیە، دیارە هەموو وەستان و جوڵانێك مەبەستێكی نووسەری لە پشتەو نابێ بە چاوێكی كەم و بێ بایەخ تێیبڕوانرێت، هەربۆیە كاتێ گێڕانەوە دەوەستێ لەهەمان كاتدا وەسف بە شێوەیەكی سەربەخۆ لەكات دروست دەبێت، لەو كاتەدا نووسەر گێڕانەوەی رووداوەكان رادەگرێت و دێت دەستدەكات بە روونكردنەوە لەبارەی كەسێتی و كات و شوێن و رووداوەكان، وەك رێگا خۆشكردنێك بۆ ئەو رووداوانەی كە لە داهاتوودا روودەدەن.[3] هەروەها یەكێكی تر لەو تەكنیكانەی كە دەبێتە هۆی سستی و خاوكردنەوەی گێڕانەوە، گەڕانەوەیە بۆ دواوە تا ئەو ئاستەی دەگاتە وەستانی گێڕانەوە و رووداوەكان، فلاشباك یان گەڕانەوە بۆ دواوە پێكدێت لە جۆرێك لە بیرەوەری، كە ئێستا بە رابردوو دەبەستێتەوە، گۆشە تاریك و نادیارەكانی ئەو رووداوانە روونـاك دەكاتەوە، هەروەها ئاراستەی ئەو رووداوانە و لادانەكانیان و درێژبوونەوەیان بۆ ئێستا شیدەكاتەوە.[4]

هەروەك لەپێشەوە بۆمان بەدیاردەكەوێت وەسفی وەستاو تەنها بەو ناوە نایە، زۆر لە نووسەران بەوە ناوی دەبەن یان پێی دەڵێن:( وێنەی وەسفی )، یان بە شێوەیەكی تر ناوی دەبەن و بەگوێرەی ئەو شتەی كە وەسفی دەكەن دەی ناسێنن. واتە وەسفی وەستاو ئەو وەسفەیە كە(( وەسفی شتێكی جێگیر و نەجولاو دەكات))(٥)، هەروەك سیزا احمد قاسم بەم شێوەیی وەسفی وەستاو پێناسە دەكات و دەڵێت: وەسفێكی تر كە وەسفی شتەكان دەكات لەكاتی وەستانیاندا و پێی دەوترێت وێنەی وەسفی، كە بریتییە لە خستنە رووی شتەكان لەكاتی وەستانیاندا.[6] هۆكارێكی تر كە وەسف دەوەستێنێ ئەوەیە، ئەو شتانەی كە وەسفیان دەكرێت شتی بێگیانن، واتە مرۆڤ و گیانلەبەر نین، چونكە(( بەشێكی دیكە لە (وەستاندنی وەسف)... خۆی لە وەسفكردنی شتەكاندا دەبینێتەوە بەواتای ئەوانەی وەك شت دەناسرێن ))(٧)، بەڕای زۆرێك لە لێكۆڵەران و نووسەران شوێن زیاتر توخمێكی وەسفییە و ناتوانی وەكو توخمەكانی تر بۆنموونە كەسێتییەكان بجولێتەوە بۆیە زیاتر وەكو وەسفێكی وەستاو بەدیار دەكەوێت و خۆی دەنوێنێت لەبەرئەوەی(( شوێن لە بینای دەقی رۆماندا زیاتر رەگەزێكی وەسفییە و توانای جوڵەی نییە )).[8] هەروەها ماوەی زەمەنی ڕۆمانەكە لەو دیمەنانەی كە نووسەر تیایدا وەسفی ڕووداوو شتەكان دەكات هەمان ئەو كاتەیە كە بەڕاستەقینە زەمەنەكەی تێیدا ڕوودەدات، هەربۆیە(( لەم دیمەنەدا، كە تاڕادەیەكی زۆر گەورە كاتی ڕۆمان و كاتی گێڕانەوە لە یەكتری نزیك دەبنەوە.بە وەسفێكی

---

[1] عبداللطیف محفوظ ، وظیفة الوصف في الروایة، ص٦٥.

[2] أمنة یوسف، تقنیات السرد في النظریة والتطبیق، دار الحوار للنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، سوریة، ١٩٩٧، ص٩٤.

[3] د. ابراهیم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهیم جبرا، دار الشؤون للثقافة، بغداد، ٢٠٠١، ص١٢٩.

[4] د. ابراهیم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهیم جبرا ، ص١٠٦.

(٥)جەلال ئەنوەر سەعید، تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل ١٣١ .

[6] د. احمد عوین، دراسات في السرد الحدیث ةالمعاصر ، ص٧٢.

(٧)محمد نوری احمد ، بونیاد ، ناوەندی چاپ و ڕاگەیاندنی خاك، چاپخانەی خاك ، ٢٠٠٤ ، ل١٩٨.

[8] ئاری عوسمان خەیات، بنیاتی رووداو لە رۆمانی( پاشایان كوشت)ی (خوسرەو جاف)و (پێش ئەوەی واشەكە هەڵفڕێت)ی ( عەبدواخالیق ركابی)دا، كۆمپیوتەری نارین، ٢٠٠١، ل٤٩.

دوورودرێژی ڕووداوەکان ))[1]، هەروەکو گوتمان لە وەسفی وەستاودا نووسەر بەوەسفێکی دوورودرێژ ڕووداوەکان و وتووێژەکانی ئەکتەرەکانی ڕادەگرێ و بە شێوەیەکی ورد وەسفەکە دەکات تاکو تەواوی دەکات، بەمەش وەستان ڕوودەدات. کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەسفی وەستاو، کەواتە (( خەسڵەتی وەسف ئەوەیە کە دەتوانێ کورت بێت و دەتوانرێ بەپێی پێویستی دەقی شاعیر یان نوسەر درێژی بکاتەوە، درێژ کردنەوە و کورت کردنەوەی وەسف هۆکارن بۆ ئەوەی ئایا ئاوازی دەق خاو بێت یا خێرا، وەستاو بێت یا جوڵاو ))[2]. هەروەها وەسفی ئاسایی و ڕۆتینی کە وەسفێکی پێشوەختەی ڕووداو و شتەکان دەکات و وەسفێکی بنیاتنەرانە نییە، بەڵام دەبێتە هۆی وەستان، چونکە (( وەسفە ئاسایی باوەکە ئەگەر گێڕانەوەکەش ڕانەگرێ، هیچ نەبێ خاوی دەکاتەوە ))[3]. لە ڕۆمانی ( هێلانە )ی مامۆستا حسێن عارفیشدا ئەم جۆرە وەسفە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێ و نووسەر پشتی پێبەستووە، بۆ وەسف کردنی ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و شتەکانی تر بەشێوەیەك دەستپێکی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بەم جۆرە وەسفە دەست پێدەکات، کە دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانیان بکەین .

بۆنموونە لەو دیمەنەی کە لە بەرەبەیانییەکی گوندی حاجی سوبحان کە کاراکتەری سەرەکی (سوبحان) لەگەڵ ( جافەر )ی هاوڕێدا هەردوو تاوانبار ( کەریم کەللە و موعاون نوعمان) دەبەن بۆ زێدی خۆیان بۆ ئەوەی لەوێ لە تۆڵەی ئەنفالکراوەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن. بەم شێوەیە دەست پێدەکات (( ئەم پێشتر گیرفانیانی پشکنی بوو. هەرچییان تێدا بوو دەرهێنا بوون. تێکەڵەیەك بوون لە ناسنامە و کلیل و پسوڵە و نامە و دەفتەری تەلەفۆن، لەگەڵ کەمێ پارەدا، کە لە هەشت نۆ دەیی و پێنجی و تاك دیناری بەولاوە نەبوون. هەموویانی خستبوونە گیرفانێکی کۆڵە پشتەکەیەوە. ئەم داواکەی هێندە بە دەروون ساردییەوە بە رووی جافردادا، هێندە بە ئاوازێکی خەمخۆرانەوە بوو ، کە ئەو چیتر خۆی پێڕانەگیرا و تەقییەوە. پێیقووت نەچوو بوو، کە ئەم داوا پڕ سەیر و سەمەرەیشی بە دواداهات !. ئیتر لە وزەیدا نەماو بە داخێکی پڕ لە ڕق و کینەی تێکەڵ لە سەرسوڕمانەوە وتی ))(هێلانە، ل٥ ). ئەم وەسفە هەرچەندە وەسفی کاراکتەرەکانە، بەڵام گێڕانەوەی کارێکە کە پێشتر ئەنجامیانداوە نەك ئەو کاتە و بجوڵێن. هەروەها وەسفێکی کاراکتەرەکان دەکات لە دۆخێکی وەستان و رامانیان لە هەڵوێستێکی نامۆ لەگەڵ ڕێکەوتنێکی پێشووتریان کە لەسەری ڕێککەوتبوون.

هەروەها لەو دیمەنەی کە لە ژوورەکەی پورە عەتاودا کە لەبارێکی دەروونی زۆر ناجێگیر و شڵەژاو دایە و نووسەر هەموو ژیانی ئێستاو ڕابردووی بەوەسفێکی دورودرێژ باسدەکات و دەڵێت:(( ئەم بەدوای جافەردا، هەوڵی خۆ خەواندنی داو بێسوود بوو. دەیویست بیر و هۆشی تەفرە بدات.. بە باس و خوازی هەمەچەشنەوەی خەریك دەکردن و بۆی نەدەچووە سەر. داوی بۆ دادەنانەوە و دزەی پێدەکردنە دەرەوەی بازنەکەوە. لە سنور دەیپەڕاندنەوە و لە دور دانی بۆ ڕۆ دەکردن. دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە ئارامی و ئاسودەیی نیشان دەدان. بەڵام هەموو تەقەڵاکانی پوچ دەبوونەوە. تەنانەت ئەگەر ڕاپێچی ئەو پەڕی دنیاشی بکردنایە، لە چاوتروکانێکدا، دەهاتنەوە سەر بای بەرێ.. سەر حاجی سوبحان، کەسوکار، دایك و باوك ، غوربەت و بنار و چنار و لە زەینیدا، بەڕست پرسیاری دەکرد و بەمەزنە، جۆرەها وەڵامی دەدایەوە. بگرە هەموو جار، ئەنجامی پرسیاری زەین و وەڵامی مەزەنەی، بە وێنەی زەقی لە شێوەی شریتی سینەمادا دەشکاندەوە.... )) (هێلانە، ل١٠٠- ١٠٣). هەرچەندە ئەو وەسفە وەسفێکی وەستاوە و نووسەر وێنەی کەسێتییەکەمان بۆ دەخاتەروو لە بارێکی تاڕادیەك

---

([1])جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل١٢٦.

([2])سەنگەر قادر ، بنیاتی گێرانەوە لە داستانی( مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی ، ل١٩٨.

([3])زاهیر ڕۆژبەیانی ، چیرۆکی هونەری کوردی ، دەزگای توێژینەو و بڵاوکردنەوەی موکرین ، چاپە دووەم ، چاپخانەی خانی،٢٠٠٨ ، ل٣٥٢.

وەستاودا، بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بكۆڵینەوە و بەدواداچوونی وردی بۆ بكەین بۆمان دەردەكەوێت كە جوڵەیەك لە هەڵس و كەوتی كەسێتییەكەدا هەیە یان دەتوانین وای دابنێین كە دەجوڵێتەوە وەك ئەوەی ئەو كەسێتییە دەیەوێ بخەوێت، بەڵام لەبەر باری ناجێگیری دەروونی ناتوانێت بخەوێت یان خەوی لێناكەوێت و، لەو كاتەشدا ئەو دیو و ئەو دیو دەكات و كەلكەی دەگۆڕێت و دەكەوێتەسەر پشت، هەرچەندە نووسەر ئاماژەی بۆ نەكردووە بەڵام بەپێی وەسفەكەی و باری دەروونی كارەكتەرەكە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت. بۆیە نابێ بە شێوەیەكی رەها ئەو رایە جێگیر بكەین و وابزانین كە هەموو وەسفێكی وەستاو دەبێتەهۆی ئەوەی كە رووداوەكان رابگرێت، چونكە هەندێجار ئەو وەسفە دەبێتە وێستگەیەكی وەستان بۆ كەسێتییەكان، وەستانێكی بیركردنەوە یان رامانیان بەرامبەر بە كارەسات و رووداوەكان، بۆ ئەوەی بیر و بۆچوون و هەڵوێست و تێڕوانینەكانیانی خۆیانمان بۆ بخەنەروو.[1]

لە دیمەنێكی تری كاراكتەردا، كە لە دۆخێكی دەروونی ناخۆشدایە، دڵەڕاوكێیەكی هێندە ناخۆشە كە ئۆقرەی لێبڕیوە، لە چاوەڕوانی كۆمەڵێ برادەر و خۆشەویستیدایە و نازانی هەواڵیان چییە، هەریەكەی بەلایەكدا رۆیشتوون هەر هەمووشیان ئەگەری دووچاری مەترسی گەورەیان لێدەكرێت. كە بە هۆی ئەوەوەیە بەدوای كاری ئەو كەوتوون، بۆیە بەم شێوەیە قۆرەی لێبڕاوە و دەڵێی بەسەر ئاگرەوەیە، ئەو دۆخەش بە شێوە وەستاوە وەسف دەكات(( ئەم بۆ ماوەی سێ شەو و سێ رۆژی رەبەق بەسەر ساجی سورەوەبووی سێ جۆر چاوەڕوانیەوە بوو جافەرو وا هەواڵی چارەنووسی؟! حەمۆل و چۆتەوە یا نەچۆتەوە؟!. كامەران و بۆ نایەتەوە ؟!. سێ دۆزەخ و سات بەسات هەڵیان دەقرچاند. مێشكیان دەكرۆشت دڵیان دەپرواند. هەر سەعاتەو بەیەكێكیانەوە دەتلایەوە. بە سەدو یەك باردا تاوتوێی پێ دەكرد هێندەی لێكدەدایەوە.. هێندەی وورد دەكردەوە كە لەو سەرەوە لێی درشت دەبۆوەو دایدەخزاندە ناو كۆلانێكی داخراوەوە. كامەران ها ئێستا ها ساتێكی تر خۆی بەماڵدا دەكا. هەواڵی چوونەوەی حەمۆل بۆ تاقیب كردن لەلای ئەوە. ئەو دەزانێ چۆتەوە یان نا نەك ئەم . ئەمێكی بەندی ناو ئەم چوار دیوارە ، لەكوێوە پێی بزانن ؟!. دەبێ ئەو بێتەوەو بە ئاو نە ـە. ))( هێلانە ، ل١٣٧ ).

لەوسفێكی تری وەستاودا كاتێ( سوبحان ) گوێ بە قسەی(كامەران) نادات و دەچێت بەدوای سۆراغی كەس و كاری لە خوارو(جنوب) و لەوێ دەگیرێ و دووچاری زیندان و ئازاری جەستەیی و دەروونی دەبێتەوە لەلایەن موخابەرات و پاش ئەوەی كە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ نەخۆش دەكەوێت و ماوەی سێ مانگ دەكەوێتە نێو جێگا. نووسەر لەو ماوەیەدا وەسفێكی درێژ و وەستاوی ئەو دۆخەمان بۆدەكات بەم شێوەیە(( ئەو كەتنەی كەوت تا سێ مانگی رەبەق، نەچۆوە دۆخی ئاسایی، سێ مانگ و ئینجا بەتەواوی كەوتەوە سەر پێ بەهەموو قۆناغەكانی پێ گرتن و منداڵیدا تێپەرییەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە. یەك بەیەكی ئەندامانی خێزان پێیان لێنەدەبری. دلێر و دكتۆر سامانیش لەگەڵیاندا. بەڵام بەتایبەتی و بەردەوام، ئەوەی شان بەشان و پەل بە پەل و رووبەڕووی بوو شادمان بوو. دەتووت ئاهی كردووە هەتا نەكەوێتەوە سەر پێ تەنیشتی بەر نەدا ئەم لە تۆڵەدا، نەیدەزانی بەچ زمانێ سوپاسی بكات ...

لەدەمە دەمی عەسری رۆژێكی باراناویدا، نەك تروسكەو سوسە، بەڵكو گەشەیەكی لێهەڵوەری لە بەیانیەوە وەك كوندەی سەر بەرەوخوار كردبێتەوە بە رەهێڵە دابویە دەمیو زستانی بەپاییزەوە گرێدەدا. ئەم ئەو ساتە چووبووە بەر پەنجەرەكەو بەتاسەوە، دەیڕوانیە لێزمەی بارانەكەو خەیاڵ بردییەوە.. خورپەمەیێكی سەیرە؟!. تەماشاكە.. تنۆكەكانی چەند قەڵەون!. ئەگەر ئێستا بچم لەژێریاندا رابوەستم، هێندەی بڵێن یەك و دوو، دەبمە

---

[1] د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، ص١٢٩.

جلەگا. جا ناچم. بۆ دەچم. خۆ وەکو ئەوجارە خۆم بێ ئەقڵ ناکەم ))( هێلانە، ل١٨٤ ). دیارە ئەو جۆرە دیمەنانە هێندە زۆرن ناتوانین یەکە بە یەکە لەسەریان بووەستین شییان بکەینەوە و قسەیان لەسەربکەین. بۆیە هەندێ لەو دیمەنانە تەنها ئاماژەی پێدەدەین وەکو دیمەنی جافر لەناو ژوورەکەی کە وەسفی شوێن و ڕووداوەکان دەکات( ل١٠٦، ١٠٧ ). دیمەنی هاتنەوەی حەمۆل و هەڵویستی جافر و سبحان بەرامبەری ( ل١١٠، ١١١) . دیمەنی بەرێکردنی حەمۆل بەدزی ئەوان و ئاشکرابوونی حەمۆل لەلایەن سوبحان، کە جاش نیە و پێشمەرگەیە( ل١١٣- ١١٥). دیمەنی سبحان و جافر، دڵەڕاوکێی هەردوکیان بەرامبەر بەحەمۆل( ل١٢٢ – ١٢٤ ) . دیمەنی چاوەڕوانی سبحان بۆ هاتنەوەی کامەران( ل١٤١، ١٤٢ ). دیمەنی تێکچوونی باری دەرونی سبحان دوای گیرانی( ل١٨٣ – ١٩١ ).دیمەنی ئەنفال کردنی خانەوادەی سوبحان بەخەیاڵ ( ل٢١٩ – ٢٢٦ )...تاد

**باسی سێیەم: وەسفی ناوەکی**

بنیاتی هەموو رۆمانێك لەسەر چەند بنەمایەکی هونەری بنیات نراوە و نووسەران هەریەکە و بە پێی شێوازی خۆی گرنگی زیاتر بە یەکێك یان چەند بنەمایەك دەدات لەوانەی تر و هەشیانە هاوسەنگی لە نێوانیاندا دەکات. وەسفیش وەك یەکێك لە بنەما و تەکنیکەکانی پەیڕەوکراو لە نێو کاری ئەدەبی بەگشتی و رۆمان بەتایبەتی گرنگی خۆی هەیە، بۆیە (( پرۆسەی وەسف بووە دەروازەیەکی والاَ و بوارێکی دەوڵەمەند، نەك تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کاراکتەر و شوێن و شت و گیانلەبەرەکان لە دەقدا، بەڵکو بۆ لێکۆڵینەوەش لە بوونیادی گشتی دەق ))،[1] هەر بۆیەش ئەو وەسفانە بۆ چەند جۆر و شێوازێك دابەش بوونە و نووسەران هەریەکەی بەپێی شارەزایی و لێهاتوویی خۆی ئەو جۆرانەی لەنێو کارەکانی خۆیاندا بەرجەستە کردووە. یەکێکی تر لەو وەسفانەی کە نووسەرانی رۆمان بەکاری دەهێنن وەسفی ناوەکییە، کە تیایدا نووسەر هەڵدەستێت بە وەسفکردنی ناوەوەی کارەکتەر و شوێن و شتەکانی نێو ڕووداوەکان، چونکە (( وەسفی شوێنەکان و کەسێتییەکان هیچی کەمتر نییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و کردارەکان ))،[2] هەروەها لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو وەسفکردنێك کردەیەکی هەڵبژاردنە و دەکەوێتە ژێر هەژموونی سروشتی ئەو واتایەی کەوا وەسف دەیەوێت دروستی بکات و پشتگیری بکات.[3] لە وەسفی ناوەکیدا گرنگی زۆر دراوە بە وەسفی لایەنی دەروونی کەسێتییەکان، چونکە لایەنی دەروونی شوێن و شوێنەواری قووڵ بە جێدەهێڵێت لەسەر کاراکتەر، کاریگەری شوێنەکان لەسەر لایەنی دەروونی کاراکتەرەکان دەمانگەیەنێت بە زانیاری زیاتر و گشتگیر تر تایبەت بە ناوچە نادیارەکانی خودی مرۆڤ، بۆیە کاریگەری شوێن لەسەر لایەنی دەروونی کاراکتەرەکان قووڵترە لە کاریگەرییەکەی لەسەر جەستە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەروونی مرۆڤ هەستێکی بەربلاو و فراوانی هەیە.[4] وەسفی ناوەکی بەیەکێك لە وەسفە گرنگەکان دادەنرێت و بەهیچ شێوەیەك لەلایەن رۆماننووسانەوە ناتوانرێت دەست بەرداری ببن، چونکە ئەم وەسفە هۆکار و ئامرازێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بچینە نێو جیهانی تایبەتی و وردەکاری شتە نادیار و شاراوەکانی کەسێتییەکان، چونکە لە میانی وەسفەکانی تر ناتوانین لەم جیهانە تایبەتییە نزیك بکەوینەوە، بەڵام کاتێ دەکەوینە بەرامبەر وەسفێکی ناوەکی تەواو(خالص) لەو کاتەدا راستەوخۆ نزیك

[1] کاروان مەهدی عوسمان ، تەکنیکی وەسف لە رۆمانەکانی ( بەختیار عەلی )دا، ل١٣.

[2] د. ابراهیم جنداري ، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهیم جبرا، ص١٨٤.

[3] عبداللطيف محفوظ، وظيفة الوصف في الرواية، ص٣٢.

[4] مهدى عبيدى، جماليات المكان في ثلاثية حنا مينه، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، الطبعة الاولى، ٢٠١١، ص٢٠.

دەبینەوە لە ژیانی گەرم و گوڕی کەسێتییەکە، ئارەزووەکانی، هیوا و ئاوات و هەڵوێست و هەڵس و کەوتەکانی ڕۆژانەی.[1] وەسفی ناوەکی تەنها وەسفی ناوەوەی کەسێتییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو وەسفکەر دەتوانێت شۆڕبێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی هەموو شتەکانی تری نێو ڕۆمانەکە، وەکو شوێن و شت و سروشت ...تاد. بۆنموونە کاتی وەسفی ناوەوەی شوێن دەکرێت وەسفکەر دێت لایەنە مەعنەوییەکانی شوێنەکان و واتا و دەلالەتەکانیان لەسەر کۆی رووداو کەسێتییەکان و شتەکانی تر ڕووندەکاتەوە، نەك تەنها باسی شێوە ئەندازەییەکەی و رووکاری دەرەوەی و پێکهاتەکەی بکات، هەروەها بەگوێرەی شتەکانی تریش هەمان کردار لەلایەن نووسەرەوە پیادە دەکرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری ناوەوەی بەدیاربخات. کەواتە وەسفی ناوەکی بریتییە لە(( وەسفی ناوەوەی وەسفکراو بەتایبەتی وەسفی ئاکار و هەست و سروشتی ژیانی ناوەکی وەسفکراو)).[2] لەم ڕۆمانەشدا چەندین دیمەنی وەسفی ناوەکیمان بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لە وەسفی سوبحاندا کاتێ بە بێئاگاییانە دەگاتە پاسگەی عەسکەری لەسەر ڕێی گوندەکە بەجۆرێك دەپەشۆکێ و دەترسێ کە هەموو دنیای لێ دێتەوەیەك و لێی دەبێتە کونی دەرزی. وەك دەڵێن(کونە مشکی لێدەبێتە قەیسەری) و ترسێکی وەها دایدەگرێت کە سەری لێدەشێوێت، بەم شێوەیە وەسفی دەکات(( زەقزەق دەڕوانێتە پاسگە و قافڵەکە. دڵی لەناو قەفەزەی سنگیدا هەلەکەسەمایەتی. مێشکی بۆتە کوورەی هەنگ و ژاوەژاوی کاسی دەکا. لاجانگەکانی گڕیان لێدەبێتەوە. لەشی نیشتۆتە سەر عارەقێکی گەرمی لینج هەناسەی سوار بووە. دەست دەبا جامانەکەی لە دەموو لووتی دادەماڵێ. ناو دەم گەرووی وشکن... نازانێ چی بکا. بڕیاری بۆ نادرێ. هیچ کامی پێناکرێ. نەگەڕانەوە نە چوون بەرەو پێش. زەلامەکانی پاسگەکەش هەر سەیری دەکەن. پەنجە لە سویچ گیر دەکا و مەکینە دەکوژێتەوەبۆچی ؟. نازانێ. بە بێئاگا دەیکا. مەکینە خامۆشە. ئەم دەستی هەر بە سووکانەوەیە و بە جەستە بۆتە بت. وەکو مەکینەکە خامۆشە. بەڵام بە ناخ پڕ جۆش و خرۆشە...)) (هێلانە، ل٤٣). هەموو ئەو ترس و هەڵچوون و کاریگەرییە ناوەکیانەش بە هۆی کاریگەرییە دەرەکییەکانن، کە ئێمە ناتوانین بە چاوی ئاسایی هەستی پێبکەین. بەڵام نووسەر بەهۆی وەسفێکی وەستاو، وەسفی ناوەکی کاراکتەرەکەمان بۆ دەکات، کە بەهۆیەوە ئەو بارودۆخەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەکە تێیکەوتووە. هەروەها لەو دیمەنەی کە سەربازەکان دەیانەوێت(سوبحان)گوللەباران بکەن و لەسەر سك درێژی دەکەن و دەستڕێژی لێدەکەن و بە قۆنداغە تفەنگ و نووکە پۆستاڵ بەیەکجار بەسەری دادەرژێن و ئازار و دەنگی هەموویان تێکەڵ دەبێت. لەو کاتەدا لەبەر ترس و ئازار مێز بەخۆیدا دەکات. بۆیە شەرمەزاری و خەجالەتی هێرش بۆ دێنن و تووشی ئازاری دەروونی دەبێت، کە بەم شێوەیە وەسفی دۆخی ناوەوەی دەکات((...مەریوان و باوکی جامانەو کڵاو و پشتێنەکەیان بۆ هێناوە و لەبەر دەمیدا دایان ناوە. جامانەکەش خوڵاوییە نا.. بگرە ئارەق و چڵم و لیك، خوڵەکەیان پێوەکردۆتە لیتە. ئینجا بە مەزنە دەزانێ کە دەموچاویشی لیتاوییە. شەپۆلێکی شەرمکردن لەخۆ شاڵاوی بۆ دێنێ. ئاواتی پێدەخوازی ببێتە تنۆکێك ئاو و نغرۆی ناخی زەوی ببێ. بیری بۆ ئەوە دەچێ، ڕاچەنێتە سەرپێ و بەرە و ئەو چیاو چۆڵانە سەرهەڵبگرێ. بەڵام شاڵاوی شەرمەزاری و تەریقبوونەوەکە لە پەل و پۆی خستوە. سەری بەسەر سنگیدا پێشۆڕ دەکاتەوەو فرمێسکی پێدادەبارێنێ. فرمێسك دادەچۆڕێتە ناو کۆشییەوەو تێکەڵ بە لیتاوی ناو گەڵی دەبێ ))( هێلانە، ل٤٨). هەر ئەو ڕووداوە لێی دەبێتەگرێیەکی دەروونی شەو ڕۆژ ئەو دیمەنەی دێتەوە یاد ناتوانێ هەرگیز لە بیر خۆی بباتەوە . نیگەرانییەکەشی زۆر زیاتر دەبێت کاتێ گومانی ئەوەی لەلا دروست دەبێت، کە کامەرانی پورزای پێی زانیبێت و

[1] عبداللطيف محفوظ، وظيفة الوصف في الرواية، ص٨٢.
[2] کاروان مەهدی عوسمان ، تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی ( بەختیار عەلی )دا، ل٢٤.

ئاگاداری هەموو ڕووداوەکە بێ، بۆ لە هەموو قسەو کردەوەکانی گومان دەکان هەڵوەستە دەکات ((شێوەی وەڵامدانەوەکانی، گومانەکەی لەلا خەستتر کرد. شەپۆلێکی شەرمەزاری لە ناخەوە ورژمی بۆ هێنا. تەریق بۆوە و بەناوخۆدا شکایەوە. چاوی لە شادمان لاداو سەری بەسەر سنگیدا لاربۆوە. لە حەژمەتدا قەسدی بوو، ئەو سەرەی جارێکی تر بەرز نەکاتەوە . بەڵام هەر لەو کاتەدا وەك هێزێك لەپەنهانەوە بە هانایەوە بێ، لە بێخی هۆشییەوە بزواو سەربردەیەکی جافری بەیاد هێنایەوە...)) (هێلانە، ل٥٨).

بەهۆی ئەو گۆشەگیرییەی کە دووچاربووە، بە هۆی شێوانی باری دەروونی و ئەو خۆپارێزییەی کە بەڕاوێژی کامەران بەسەریدا سەپاوە بۆ ئەوەی ئەویش لەلایەن ئەمن و موخابەرات نەگیرێت و بەدەردی کەسوکارەکەی نەچێت، بۆیە وەکو زیندانییەك لەنێو ماڵی کامەران ماوەتەوە، چاوەڕوانی ئەوەدەکات کە ئەوان ڕۆژانە هەواڵی شار و دەرەوەی بۆ بێنن، بەڵام لەبەرئەوەی شاڵاو و هێرشەکانی دوژمن هێندە بەرفراوان و بێبەزەییانەن، لەژێر ئەمن و ئاسایشێکی توند و تۆڵ ئەو کارە ئەنجامدەدات، ناهێڵێت هیچ هەواڵێ لەبارەی خەڵکە ئەنفالکراوەکان دزەبکات و کەس بە شوێنیان بزانێ. بۆیە ئەوانیش ناتوانن بەو هەموو تۆڕەی ڕێکخستنە توندەی هەیانە بگەن بە هیچ شتێ لەبارەی سۆراغی ئەو خەڵکە بێسەرو شوێن کراوە. ئەویش بێئاگا لەو هەموو شتانەی لەدەرەوە ڕوودەدەن. وادەزانێ ئەوان کەمتەرخەمن و هەوڵی جدی نادەن. بۆیە کەوتۆتە دۆخێکی دەرونی خرابەوە. هەروەك نووسەر ئەو دۆخە ناوەکییەی بەم شێوەیە وەسفکردووە،(( ئەو تاسێکی بردییەوە. وەك کەوتبێتە ناو دەریایەکی بێبنەوە. خامۆشخامۆش بوو. دەتووت بەسەر دنیاوە ناماوە. ئەمیش لە بەرامبەریدا، لە خۆی وریا بۆوە کە خەریکە زیادەڕۆیی دەکا..کە ڕوو لەوەیە بدرکێنێ. بە نیازی خۆدەمکوت کردن بەر پەنجەرەکەی بەردەدا و دەکشێتەوە سەر قەرەوێڵەکە. جگەرەیە دادەگیرسێنێ و بە مژلێدانییەوە خەریك دەبێ. جارە جارە لەگەڵ سەر بەرزکردنەوەو دوکەڵەکەیدا، دیمەنی جافری لەنێوانییەوە وەك تارماییەك دەکەوێتە بەرچاو. تارماییەکە لەسەرلا لەمەوە دیارە. سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبۆتەوەو بۆتە پەیکەرێك!. پەیکەرەکە زەلیلی لێدەچۆڕێ. دەڵێیت لە مۆم دروستکراوە و ها ئێستا ها تاوێکی تر دەتوێتەوە و دادەڕژێتە سەر زەوی.. دەبێتە تۆپەڵە گۆشت و خوێن و ئێسك و پرووسکێکی داڕماو بەسەر یەکدیدا!. دیمەنەکەی لێخۆش نایەت . دڵی دەگوشرێ و سۆزی دەبزوێ...)) (هێلانە، ل١٢٢).

کامەران و حاجییە سوورە و مەریوانی کوڕی بۆ سوبحان بوون بە فرشتەو فریادڕەس و خدریزیندە، ئەو ماوەیە کامەران شەو ڕۆژ بەدوای کاروبارەکانی ئەوەوە بووە و هەرلەڕێی ئەو و ڕێکخستنەکانیشەوە چەندین کارئاسانی بۆ کراوە، خۆیان بۆخستۆتە دۆخێکی مەترسی دارەوە. حاجی و کوڕەکەشی چەند جارێك لەمەرگی مسۆگەر ڕزگاریان کردووە و هەر بەهۆی ئەوانیش گەیشتۆتە نێو پارتیزان و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی. جاخەڵکێك ئەو هەموو چاکەیەت بەرامبەر بکەن و تۆش نەتوانی هیچیان بۆ بکەی و شتێك لەو چاکەیان بۆ قەرەبوو بکەیەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەو کەسانە هەواڵیان بگات کە هەموویان گیراون و لەسێدارەدراون. لەوەش ناخۆشتر کە هۆکاری ئەو کارەساتە تۆ بیت. دیارە ئەو باش دەیزانی و لێی مسۆگەر بوو کە بە هۆی ئەو سەرکێشی و کارە بێ بەرنامە و حیساب بۆنەکراوەکانی. هەرچەندە کامەران ئامۆژگاری دەکرد کەنەیان کات، بەڵام ئەو گوێی پێنەدەدا. هەر لە کاتی چوونی بۆ لای ماڵی کەریم کەللە بۆ سۆراغی ئەنفالەکان، لەلایەن کەریم گومانی لێدەکرێت و چاودێری دەکرێت و لەو ڕێگایەوەش ئەو گرووپە ئاشکرادەبن و دەگیرێن و دەکوژرێن. جا کە هەواڵەکە دەگات تەنها ئەوەندە دەزانن کە شەهید کراون، بەڵام چۆن و کەی و لە کوێ و هۆکارەکانی، ئەوە بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، لەلایەن حەمە صالحی سەرکردەوە هەموو جارێ کە پەیوەندی بێتەلی پێدەگات، پێی

دەڵێن لە داهاتوو بەدرێژی هەواڵەکەت دەدەینێ، بەڵام ئەو کات بۆ کاتێکی تر، هەرناگات . ئەویش لەو بینەو بەردەیە زۆر نیگەران دەبێت و واهەست دەکات کە لەوی دەشارنەوەو پێی ناڵێن، بەڵام ئەو خۆی بە هۆکاری سەرەکی ئەو کارەساتە دەزانێ و دەیەوێ بە زوویی بچێتە بنج و بناوانی(( رۆژی پەیوەندی داهاتوو، کە ئەم بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بوو، دەردەکەی هێندەی تر گران کرد. حەمە صالح رایگەیان کە وەڵامی دەستگیر نە بووەو بەڵێنی، پەیوەندی داهاتوویان پێداوە. ئەم لەوەدابوو پڕبەدەم بەڕوویدا هاوار بکا و بڵێ: راست ناکەیت. و لەدواساتدا، زمانی خۆی گرت و دەری نەبڕی. ئەم پێش ئەوەی ئەو دەم هەڵبێنێتەوە، بە رەنگورووی و ترووکەی چاوی و لەرەی لێوی و ڕاڕاییە شاراوەکەیدا، وای زەن کرد کە بەڕێوەیە قسەیەکی ناڕاست بکا. بۆیە کاتێ کە کردی، ئەم پێشتر بڕیاری هاوار کردنەکەی دابوو. بەڵام بە فریا کەوت و گلی دایەوە و ئیتر لەسەر رۆیشتنیشی، بە کارێکی بێهودە زانی. خۆی کروکاس کردو ورتەی لە دەم نەهاتە دەر..)) (هێلانە، ل٢٧٨، ٢٧٩). ئەمە و چندین دیمەنی جوانی تر کە نووسەر وەسفی ناوەکی کردووە کە ناکرێت هەموویان بخرێنە روو لە بەر ئەوەی لە لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیەدا تەنها دەتوانرێت وەك نموونە هەندێك دیمەن بخرێنەروو.

## باسی چوارەم: وەسفی دەرەکی

وەك لە باسەکانی پێشەوەدا بەدیاردەکەوێت چەند جۆرێك وەسف هەیە کە نووسەران بە گشتی و رۆماننوس بە تایبەتی لە کاتی نووسینی رۆمانێك پەنای بۆدەبەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نەخشە بۆ دانراو رووداوی ناو رۆمانەکەیان بخەنە بەر دیدەی خوێنەرەکانیان، چونکە وەسف گوتارێکی زۆر چڕ و پڕ و بارگاوییە بە چەندین واتا و گوزارشت، کە دەتوانرێ هەموو نهێنی و شتە شاراوەکان روونبکاتەوە، کەواتە وەسف ئەو گوتارەیە کەوا شتەکان دەخاتە روو بە شێوەیەکی دیار و روون و ئاشکرا و بەرایی.[1] هەروەها ئەو کەسانەی کە پێیان وایە کە وەسف تەنها بۆ خستنە رووی چەند شتێکی سادەو ساکار و دیار و بەرچاوە کە هەموو کەسێك ئەو خەسڵەتانە دەبینێت یان تەنها بۆ رازاندنەوە و جوانکردنی وەسفکراوەکەیە، بێگومان ئەو کەسانە دووچاری هەڵەیەکی زۆر گەورە دەبنەوە و وەسفیش لە پەیامە گرنگ و بنەڕەتییەکەی خۆی رووت دەکەنەوە، چونکە (( وەسف هەڵگری ماناو دەلالەتی زۆر ترە لەوەی کە تەنها نواندنی شتەکان بێت )).[2]

جۆرێکی تری وەسف کە لێرەدا مەبەستمانە وەسفی دەرەکییە یان وەسفی رووکاری دەرەوەی وەسفکراوە، دیارە رووکاری دەرەوەی هەمووشتێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە لەوانەیە شتێکی هاوشێوە و هاورەگەزەکەی ئەو تایبەت مەندیانەی نەبێت، بە پێچەوانەشەوە کە ئەو خاوەنی ئەو خەسلەتانە نەبێت کە بەرامبەرەکەی هەیەتی، کەواتە هەر شتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ یە وا پێویست دەکات کە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە بە باسکردن و وەسفکردن لەلایەن وەسفکەرەوە بە جوانی بە خوێنەر بناسرێنرێن و بۆی روون بکاتەوە بۆ ئەوەی زانیاری پێشوەختەی لە بارەی وەسفکراوەوە هەبێت، چونکە لە زۆر هەڵوێست و کاتدا رووکاری دەرەوەی کەسێتی کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دەروون و هەڵچوون و سۆز و بڕیار و هەڵوێستەکانی، بەڕای هەندێ زانا و لێکۆڵەر (( ئاکار و شێوەی دروست بوونی دەموچاوی و جەستەی، بەتایبەتی ئاکاری دەرەوەی مرۆڤ لە جوانی و ناشیرینی لەسەر ناخی کارەکتەر رەنگدەداتەوە ))[3]، مەرجیش نییە ئەم بڕیارە راست

---

[1] د. بسمة نهى الشاوي، الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة، ص٢٠.

[2] کاروان مەهدی عوسمان، تەکنیکی وەسف لە رۆمانەکانی (بەختیا عەلی)دا، ل١٣.

[3] د. پەری صالح موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا،ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٩٦.

بێت و بەشێوەیەکی رەها بیسەپێنین بەسەر هەموو کەسێکدا، چونکە ناتوانین ئەم رایە بگشتێنین بەسەر هەموو کەسێکدا، لە هەموو کات و سەردەم و شوێنێکدا، زۆر کەس هەیە لەو چوارچێوەیە دەچنە دەرەوە و ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ نابێت، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی گشتی و لە زۆر حاڵەتدا هەیە. لەبەر ئەوەی زۆر جاران ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە دەبێتەوە بە جۆرێك سیفاتە ناوەکییەکان کاردانەوەیان دەبێت لەسەر رووکاری دەرەوەی کەسێتییەکان، چونکە وێنەی دەرەوە کە وەسفی کەسێتی پێدەکرێت سەرچاوە دەگرێت لەو کارلێکردن و کاریگەریانەی لە ناوەوەی روودەدەن.[1] لێرەدا شتێکی ترمان بۆ ئاشکرا دەبێت ئەویش ئەوەیە کە وەسف بریاردانە بەسەر وەسفکراوەوە لەلایەن وەسفکەرەوە، بریاردەدات کە ئەو کەسێتییە یان شوێنە یان شتە یان هەر بابەتێکی تر خاوەنی چ جۆرە ئاکار و خەسڵەتێکە، بە چی کاریگەرە و چ شتێك بووەتە هۆی ئەو جۆرە هەڵوێستانەی، رووکاری دەرەوەی وای کردووە کە لایەنی ناوەوەی بەم شێوەیە بێت یان بە پێچەوانەوە، لێرەدا بە پێی ئەو بڕیارەی کە دەیدات ئاراستەو بیرو بۆچوونی خۆیشی بۆ خوێنەر روونەبێتەوە، کەواتە(( وەسف حوکمدانە بەسەر وەسفکراودا، بەڵام مەرج نییە هەموو حوکمدانێك وەسف بێت، لە رێگای وەسفیشەوە بەتەنها هەڵوێست بەرامبەر وەسفکراو نانوێنرێ، بەڵکو کەسایەتی گێڕەرەوەو وەسفکەریش ئاشکرا دەبێت بە هۆی ئەو حوکمانەی کە داویەتی))[2]. وەسفی دەرەکیش بەپێی کات و سەردەم و رێبازە ئەدەبییەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، وەك ئەوەی نووسەرە کۆن و لاسایکەرەوە و واقیعیەکان کە زیاتر لەوانەی تر گرنگییان بە وەسفی دەرەکی داوە، چونکە(( لە رۆمانی کۆندا بە جۆرێك وەەسفی باڵا و دەنگ و جلوبەرگ و کێش وحەز و ئارەزوو ئازار و شادی و سەرکێشییەکانی کاراکتەر دەکرێت، تا وەك بوونەوەرێکی زیندوو کە بوونێکی فیزیکی هەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ))[3]. شێوازی نووسەرانیش لەو جۆرە وەسفەدا جیاوازەو هەریەکەی شێوازێکی تایبەتی هەیە، هەیانە وەسفە دەرەکییەکانی سادە و ئاساین و هەشیانە زۆر زیادەڕەوی لە وەسفەکاندا دەکات و زۆر لەسەری دەوەستێت. کەواتە وەسفی دەرەکی بریتییە لە شێوازێکی دارشتن ئامێز، کە لەمیانەیدا شێوە هەستییەکانی شتەکان هەروەك چۆن لە دنیای دەرەوەدا هەن پێشکەشمان دەکات. هەروەها بەشێوەیەکی هەستیار و بەئاگاوە رووکاری دەرەوەی شتەکانمان بۆ دەگوازێتەوە.[4]

لەم رۆمانەشدا وەسفی دەرەکی رۆڵێکی جوانی بینیوە بۆ ناساندنی کەسێتییەکان و شوێن و رەگەزەکانی تر، کە بە هۆیەوە نووسەر توانیویەتی ئەو رەگەزانە زیاتر بە خوێنەر بناسێنێ ولێیانشارەزابێت و تێکەڵیان بکان لە گەڵ رووداوەکان، بەم شێوەیە دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ هەندێك لەو دیمەنە وەسفیانە. بۆ نموونە کاتێ وەسفی جافر دەکات کاتێ دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان لە گوندی کانی وەلی کە چووە بۆ ماڵی مامی بۆ ئەوەی سەردانیان بکات و هەندێ پارەی لێوەربگرێت بەقەرز بۆ ئەوەی ژن ماربکات بیگوازێتەوە، بەڵام کەدەگەڕێتەوە گوند و خەڵکەکەی ئاساریان نەماوە هەربۆیە دوو شەو دوو رۆژ لەنێوان ئەو گوندانە و لە نێو چیا و دۆڵ و چەم و دارستانەکان دەگەڕێت و دێت و دەچێت، بۆ ئەوەی سۆراغی کەس و کارەکەی بکات هەواڵێکیان بزانێ، پاشان کە دەڕوات بۆ شار و خۆی رزگاردەکات لەو مەترسی چۆڵەوانییە. دەبینین کاتێ کە دەچێت بۆ ماڵی مامی چ گەنجێکی پۆشتەو پاك و خاوێن بووە، بەڵام کەدەگەڕێتەوە بۆ شار و ماڵی کامەران لە چ

---

[1] احمد عوين ، دراسات في السرد الحديث والمعاصر، ص١٠٨.

[2] کاروان مەهدی عوسمان، تەکنیکی وەسف لە رۆمانەکانی(بەختیار عەلی)دا، ل١٨.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

[4] د. ابراهیم جنداري ، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهیم جبرا، ص١٧٥.

دۆخێكدایە و چی بەسەردا هاتووە((... باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەكرد. ئەقڵ دەیگرێ ئەو جافرە قۆز و پۆشتەو پەرداخ و پاك و تەمیزی جاران بێ ؟!. ئەمەی ئێستا دەیبینێ، دیمەنی شێتێكی بەڕەڵای كۆڵانانە و ڕەوە منداڵێی چەتوون، وەك زەردەواڵە تێی ئاڵابن و لەحەژمەتدا، خۆی بەم ماڵدا كردبێ!. قژی بژو ئاڵۆزە. ڕەنگورووی شێواوو هەڵبزڕكاوە. چاوی زەق و پڕلە ترسوسامی دڵەڕاوكێن. تویژاڵێك گڵوخۆڵ، نیشتۆتە سەر تووكی سەرو مووی بڕۆو برژانگ و سمێڵی. لێوی وشك و شەقار شەقارن. چۆغەی لەبەردانییەو بە تویی تەنیا كراس و شڕواڵە. شڕواڵ لە چەندین لاوە، تیلماسكی قەڵبەی پێدا شۆڕبوونەتەوە. پشتێنی بە قەدەوە نەماوە. سەرباری هەمووش پێڵاوەكانی..تاكێ قۆندەرەو تاكێ لاستیكن!..)) (هێلانە، ل٦٣). هەر كەسێ ئەم دیمەنەی دەرەوەی ئەو كەسێتییە ببینێ بەبێ ئەوەی پێشتر بینیبێتی و شارەزایی لەبارەوە هەبێت، یەكسەر دەزانی كە دووچاری كارەساتێكی جەرگبڕ و ڕووداوێكی ناخۆش بووە. كاتێ خوێنەریش كە ئەم وەسفە جوانەی ڕووكاری دەرەوەی ئەو كەسێتییە دەخوێنێتەوە لە گەورەیی و ناخۆشی ئەو ڕووداوە دەگات، كە بەسەر كسێتییەكە و ناوچەكەدا هاتووە.

هەر لەوەسفی هەمان كەسێتییدادوای ئەوەی دەگاتەوە مالی كامەران، بەو هەموو ماندوو بوون لەشە شەكەتەی دەیەوێ پاڵكەوێت و لەو ماندێتی و ئێش و ئازار و شەكەتییەی لەو ماوەیە بەسەریدا هاتووە پشوو بدات و بحەوێتەوە. لەو كاتەی كە پاڵدەكەوێت و دەخەوێت. لەتێڕوانین و چاوی سوبحانەوە بەمشێوەیە وێنەی دەرەوەی لاشەكەیمان بۆ وەسف دەكات((...هەڵسایە سەرباری دانیشتن و ڕووانییە جافر، كە ئەو كاتە جەستەی لەسەر پشت درێژ بووبوو. دەستەسەقەتەكەی، بە پاڵ سنگیدا هەڵپەسێردرابوو. ساغەكەی ڕاستوڕاست، بە تەنیشتییەوە ڕاكشا بوو. دیمەنی لە مل و سنگەوە بەرەوخوار، تا دەگەیشتە لای هەردوو بنەپێی كە ڕەنگیان زەردباو دەینواند، لە لاشەی مردوویەك دەچوو كە چەند سەعاتێك بێ گیانی سپاردبێ. بەڵام بە ڕووخسار بە پێچەوانەوە.. پڕاوپڕ بوو لە ژیان، با بە دیوە تفتوتاڵەكەشیدابێ. بێڕەونەقو گرژومۆن.. تەوێڵ لۆچاوی و ڕوومەت قوپاوو لێوقووچاوی ناڕازی...)(هێلانە، ل١١٤ ).

كامەران كە یەكێكە لە كەسێتییە سەرەكی و كاراو ئیجابییەكانی ناو ئەو ڕۆمانە، كەسێكی ڕۆشنبرو زیرەك و هەمیشە هێمن و لەسەرەخۆ، كە لە هیچ بارودۆخێكدا ناشڵەژێ و جڵەوی ئەقڵ و مەنتیق لەدەست نادات و ڕێزی بەرامبەری دەگرێت و گوێی بۆ ڕادەگرێت، ڕێز لە بیر و ڕاكانی دەگرێت و بە هەندییان وەردەگرێت. لە یەكێك لە دیمەنەكاندا كە سوبحانی هاوڕێ و خزمی بەناهەق لێی توورە دەبێت و زەنی خراپی بۆ دەبات و هێرشی ناڕەوای دەكاتە سەر، بەڵام ئەو هەر بەو سیفاتە جوانانەی خۆی دەمێنێتەوەو هیچ تووڕەبوونێك بە ڕووخساری دەرەوەی دیارنییە. نووسەر لەو ساتەدا بەم شێوەیە وەسفی روخسار و ڕووخسارە پەری ئاساییەكەی دەكات((...كەچی وەك فریشتەیەك لە ناكاوێكدا، لەو ئاسمانەوە دابەزێبێ و بە باڵە پیرۆزەكانی باوەشێنی ڕووخساری بكەن، ڕەنگوڕووی دەبێتەوە سایەقەی ساماڵ. ناوچەوان سافولووس. بەسەریەكدیدا خەوتوو. ئینجا ئەوەتا دەستی ڕاستی بۆ لای سەری بەرز دەكاتەوە. بە پەنجەی شایەتمانی بە ئەسپایی، پەنا گوێی دەخورێنێ. كەمێ ڕادەمێنێ و سەردێنێ و دەبا. دواجار بەدەم بزەیەكی خاوی ئارامیبەخشەوە دەڵێ...)) (هێلانە، ل١٣٤).

لەوەسفێكی تری یەكێك لە زیندانییەكان، كە بە هۆی ئەشكەنجەدانی پێشوو، چەندین ماك و ئاسەواری ئەو ئەشكەنجانەی جەلادەكان لەسەر ڕووكاری دەرەوەی پەیدا بووە بەم جۆرە وەسفی دەكات (( هەردوو مەچەك، دوو بانی مۆری سووورباویان لێنەخشێنرا بوون، كە ترنجابوونە ناو پێستەوە. ئینجا هەردوو بنی پێ بووبووە چەوەنەری پاككراوو وەك هەویری هەڵاتوو كیفی كردبوو. پووزیش لە قوولاپێوە تا بنئەژنۆ، بە نیوە ئەلقەی ئاڵئاڵ كە دەست و فڵچەی هونەرمەندێك كێشابێتی، ڕازابۆوە...)) (هێلانە، ل١٧٢). سەرەتا كە سوبحان دەچێتە

نێو ژووری زیندان گومان لەو دوو بەندییەی تر دەکات، کە جاسوس بن و هەوڵدەن فسەی لێدەربێنن، بەڵام کە ئەو دیمەنە دەبینێ ، کە نیشانەی ئەشکنجە و ئازاردانێکی زۆری پێشووترە لەسەر جەستەیان، گومانەکەی لا نامێنێ و باوەڕیان پێدەکات. ئەمانەو چەندین دیمەنی تر، کە ئەگەر بوار هەبوایە باسمان کردبوایە بۆمان بەدیار دەکەوت کە ئەو وەسفانەی دەرەوە چەندە بەجوانی کراون و چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە نێو ڕۆمانەکەدا.

## بەشی دووەم : تەکنیکەکانی وەسف

### باسی یەکەم : وەسفی کاراکتەر

وەسف هۆیەکە بەدەست چیرۆك گێرەوەی هەمموو شت زانەوە و لەڕێگەیەوە چوارچێوەی کات و شوێنی ڕووداوەکان و ڕەفتار و سروشتی کەسەکان دەردەخات. وەسفی کارەکتەریش ئەوەیە کە ڕۆمانووس لە سەرەتای دەرکەوتنی کارەکتەرە سەرەکی و گرینگەکان( پاڵەوان و ناوەندییەکان و هەندێ جار لاوەکیەکانیش وەسفدەکات، وەسفی کەسێتیەکان زۆر گرنگە چونکە لەمیانەی ئەو وەسفەدا وێنەی کەسێتییەکانمان بۆ دەکات، هەروەها لەگەڵ دەستنیشانکردنی شوێنی کار و چالاکییەکانیان و ڕوونکردنەوەی هۆکاری ئاکار و کردارەکانیان، هەر لە ڕێگای وەسفکردنەوە بنیاتی کەسێتی و پێکهاتە و پاشخانەکانی ڕووندەکاتەوە.[1] نووسەران زۆر مەبەستیانە هەموو ڕەهەندەکانی کەسێتییەکانیان بۆ خوێنەران بخەنەروو و بۆیان ڕوون بکەنەوە، چونکە(( خوێنەر ئەگەر کارەکتەرێك باش نەناسێت و لێی تێنەگات، ناتوانێت لەبەر چاوی خۆی وێنای بکات و بەرجەستەی بکات ))[(2)]، کاتێکیش کە خوێنەر ئاشنا بوو بە کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە ئەوا بە هەمموو هەست و نەست و جەستەیەیەوە تێکەڵ بە ڕووداوەکان دەبێتو دەبێتە بەشێك لە کەسێتییەکان و هەست بە ئێش و ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانیان دەکات و لەو کاتانەی کە پێویستە هەڵویست وەردەگرێت. بۆیە دەبێت وەسفەکە ڕووکاری دەرەوە و لایەنی ناوەوە و دەرونی کەسێتییەکان بگرێتەوە. کەواتە وەسفی کاراکتەر لە ڕۆماندا بریتییە لە (( وەسفکردنی وێنەی کاراکتەر یا وەسفکردنی سروشت و خوو ڕەوشتی کاراکتەر، واتا وەسف یا هەڵوەستە لەسەر ڕووکاری دەرەوەی مرۆڤ دەکات و تیشك دەخاتە سەر ئەندامەکانی لەش، یا هەڵوەستە لەسەر ناخی مرۆڤ دەکات و تیشك دەخاتە سەر لایەنە مەعنەوی و دەروونی و ڕەوشتییەکان )).[3] شێوازێکی تری وەسفی کارەکتەر ئەوەیە لەلایەن نووسەرەوە وەسفی ناکرێت، بەڵکو لەسەرزاری کارەکتەرێکی تری ناو ڕۆمانەکە وەسفی دەکات ئەویش ئەوەیە (( کاتێ کە کارەکتەرێك باسی کارەکتەرێکی تر دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەران بەشێك لە ژیان و کەسایەتی ئەو کارەکتەرە بناسین، دەبینین هەندێ لایەنی تایبەتی ئاشکرا دەبێت کە لە توانای گێرانەوەدا نیە ئەو کارە ئەنجام بدات))[(4)].

لە وەسفی کارەکتەردا شێوازی جیاواز هەیە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی کۆندا وەسفی کارەکتەر ((بریتی بوو لە وەسفی جەستەو کورتەیەك لەژیانی کارەکتەرەکە ))[(5)]. بەڵام بەپێی بەرەو پێشچوونی سەردەم و گۆرانکاری لە ڕۆمانیشدا کراوە، یەکێك لەوانە شێوازی وەسفی کارەکتەر بوو کە لە ڕۆمانی نوێدا(( تەنها بە وەسفێکی ڕووکەشی کارەکتەرەکان ناوەستێت. بەڵکو ئاماژە بەهەندێك تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان ڕەگەزی مرۆڤدا

[1] د. ابراهيم جنداري ، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، ص١٨٢.

([2])جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل١٣٤ .

[3] کاروان مەهدی عوسمان، تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی(بەختیار عەلی)دا، ل٣٠.

([4])پ.ی.د.نەجم خالد ئەلوەنی ، کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، دەزگای موزیك و کەلەپوری کوردی ،٢٠٠٩،ل١٤٢ .

([5]) جەلال ئەنوەر سەعید،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل١٣٤ .

دەکات ))[١]. ئەگەر بمانەوێ کارەکتەرەکە جوان و سەرکەوتوو بێ و بۆ ئەوەی ڕۆمانووس وێنەیەکی تەواوی کارەکتەرەکە بدات بە خوێنەرەکەی هەڵدەستێ بەشێوەیەکی ورد وەسفی رووکاری دەرەوە و جەستەی کارەکتەرەکان دەکات، کەواتە(( لەم جۆرە وەسفەدا حیکایەتخوان سود لە وەسف کردنی باڵاو دەم و چاو و جل و بەرگ و سیمای دەرەوەی کارەکتەر وەردەگرێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی بەرجەستەی ئەومان پێشکەش بکات. یان بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی باری دەروونی ئەومان بۆ ڕوون دەکاتەوە ))[٢]. سەرکەوتوو ترین شێوازیش کە ڕۆمانووس وەسفی کارەکتەرەکەی بکات ئەوەیە کە((پێویستە ڕۆمانوس گرینگی بدات بەو پەیوەندییەی کە لەنێوان لایەنی دەرەکی و ناوەکی کارەکتەردا هەیە و بتوانی گونجانێك لە نێوان هەردوو لایەنی کارەکتەردا دروست بکات ))[٣].

نووسەر لە ڕۆمانی( هێلانە )دا بەم شێوەیە وەسفی کارەکتەرەکانی دەکات. کاتێ وەسفی غوربەتی خێزانی سبحان دەکات دەڵێت: (( قژێکی خاوی خورمایی و وەك خەرمانە، بەملاو بەولای تەوێڵ و گۆناکانیدا، پرژاوەتە سەر سینەکەی. چاو و برۆیەکی ڕەشی پڕ لە عیشوە وناز، کە سۆز و خۆشەویستی و ئەمەکداریان تێدا دەبریسکێتەوە. دوو ڕومەتی ئاڵی خڕپن و دوو لێوی گۆشتنی، هەردەم بەخەندەی نیشانەی بەختەوەری و بەختیاری. لەسەر و سیما لای داو دیدەی داخزایە سەر سینەو مەمانێکی پڕ باوەش...لەوە خوارتر بۆ سەر نەرمەی ڕان و پوزی کەلله شەکری و قاچی خنجیلەو جوان )) (هێلانە، ل١٠) . ئەمەش ئەو وەسفەیە کە پێمان دەڵێ غوربەت چ فرشتەیەکە لە جوانیدا.

هەروەها لەو وەسفەی کە دوای کیمیاباران وەسفی شاری هەڵەبجە دەکات، دێت وەسفی کەس و کاری قوربانیەکان دەکات بۆ نموونە لە وەسفی گێلاسدا بەم شێوەیە وەسفی دەکات(( خەم و پەژارە لە سیمایان دەچۆڕا ، گیلاس بەتایبەتی، شین و شەپۆڕ لە چاوانی دەباری. بووبوونە دوو گۆمی خوێن هەولێدا وەڵامی سڵاوەکەی ئەم بداتەوە قوڵپی گریانێکی خنکاو بواری پێنەدا . ئەم لە بەرامبەر ئەو دیمەنەیان حەپەسا )) (هێلانە، ل٣١ ). لە وەسفی ناجێگیری دەروونیدا لە وەسفی سبحان کەلە مەترسی هێرشی ڕژیم بۆ سەر گوندەکەیان توشی بووە و خەو لە چاوانی زڕاوە دەڵێت:(( کاتێ بۆ خەوتن گەڕایەوە ژوورەکەی، دەروونی بەترس و سامێکی پەنهان قانگ درابوو. ڕاکشا بنوێ و پێڵوو باوەشی بەخەودا نەدەکرد، دەی تاراندو چاو هەر زەق دەیڕوانی.. بیر و هۆشیشی لە نووکەوە پێدادەچوونەوە بەیانیەکەی چۆن و بۆچی هات و ئێستا بەچی دەشکێتەوە ! ))( هێلانە، ل٣٨). لە وەسفی دەرەوەی جەستەی جافر کاتێ بە سواری تراکتۆرەکەی بۆ گوندەکەی دەگەڕێتەوە، بەم شێوەیە وەسفی دەکات(( بەسەر پشتی تراکتۆرەکەوە کزە بایەکی سارد سەری لوت و گۆپکەی ڕوومەتی دەتەزاند. خۆی دەدا بە برژانگ و پێڵوەکانیداو دەی ڕەتاندن. ئاویان دەزاندە کەناری چاوانی و بایەکە، دڵۆپ دڵۆپ بەرەو لاجانگەکانی دایدەخزاند کڵاوو جامانەی لەسەری داگرتن. کڵاوەکەی ئاخنیە بەر باخەڵی و جامانەکەی وەك دەمامك لە ملو دەم و لوتیەوە ئاڵاند))(هێلانە، ل٤٠ ).

لە وەسفی ئەفسەرە لاوەکەدا بەم شێوەیە وەسفی دەکات(( سەر و سیمای لاوێکی یوسفی خۆی دەنواند جوانی و قەشەنگیەکی بێخەوش، ڕوویەکی گەش و دەمێکی بەخەندە موو زەرد و سور و سپی. گچکە کانە خورمایەك بە ڕوو مەتیەوە. دەم و چاوی جوانتر دەنەخشاند. سەرباری هەموو، دۆستانە دەیڕوانی و لە خۆوە بزە

---

([١]) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤ .

([٢]) پ.ی.د.نەجم خالد ئەلوەنی ،کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، ل١٣٠ .

([٣])سەنگەر قادر، بنیاتی گێرانەوە لە داستانی( مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا ، ل٢٠٢.

دەیگرت... دەم و چاوی ئێستای ئەوەکەی پێشوو نییە، گرژ و مۆنـە و غـەزەبی لێدەباریّ...ددان جیڕ دەکاتـەوە.. لێو دەکرۆژێ... چاوی چاو نین و دوو کوورەی ئاگرن. پەنجەش پەنجە نین دوو مەنگەنەن ))(هێلانـە، ل٤٥ ). لـە وەسفی جافەری هاوڕێی سوبحانیشدا، کە وەسفی کەسێتی و هەڵوێستی رابـردووی دەکات و بۆمـانی شیدەکاتەوە بەم شێوەیە (( تەنانەت جافەریش پێش ئەو بە ساڵێك بەر تیری هـەمان تـوانجی ئـەم کـەوتبوو. دوای بـەربوونی لـە بەندیخانـە کـە پێـنج سـاڵی تێـدا بەسـەر بردبـوو، وازی هێنـاو بڕیـاری دا دەسـت بـە کـڵاوی خۆیـەوە بگـرێ. بگەڕێتــەوە حــاجی ســوبحان و ژن بێنــێ و دوور لــە ســەر یەشــەی سیاســەت و حیزبایــەتی بــژی. ژنــەش دەبوو(مینا)کەی یار و دڵداری دێرینی بێ. بەڵام کارەکەی لێچوو بە ڤیردا و مەیسەر نەدەبوو))) (هێلانـە، ل١٨ ). وەسفی کەریم کەللەی جاسوس، بـەر لەکوشـتنی بـەم شـێوەیە بۆمـان وەسـف دەکات (( هێـزی ئـەژنۆی شـکاوە و هەنگاوی بۆ سەر نەدەخر . بەلا دادەهات و دەکەوت بە زۆر ڕاستیان دەکردەوە... بەبینینی ئەم تەورەکە، توشـی هیستریایەکی ئەوتۆی هاتوو هاوار و بۆڕەی گریان بوو کە لەناو چیایەکاندا بـەزنجیرە دەنگی دەدانـەوە لەگەڵێـدا دەستی کردە ڤاچە کوتێ و خۆ گەوزانـدن و تـەپاوتل و نەعمانیشی بەخۆیـەوە لولـدا شـێوەی ڕۆیشـتنی ئێسـتای کەریم بووە گلۆر بوونەوە نەك هەنگاو نان )) ( هێلانە، ل٢٩٤ ). لە وەسـفی حـاجی حەمـە ڕەش کـە لـە هێرشـی ئـەنفال ڕزگـاری بـووە و گەڕاوەتـەوە دەڵـێ: (( لـە ژوورەوە حـاجی هەڵسابووە سـەر پـێ. دەت ووت وەلییەکـەو پێشوازی لە فریشتەیەك دەکا. پیاوێکی ئاودامان بە بەرگ و سەر و ریش و سمێڵەوە، وەکو چوڕی شـیری سـپی و بە ڕوخسارێکی نورانییەوە ڤنج و ڤیت و ووت و وریـا و بەجەسـتە بـەخۆوە. بەشـکۆ و ڕێـزدار. دەڵێـت بـۆ ئـەوە خوڵڤاوە باوەڕ بەیەکتر کردن و ڕاستگۆیی ببەخشێتەوە، بەسەر و زمانێکی هێندە ساکار و خۆماڵی بـەخێرهاتنی لێکـرد)) (هێلانـە ، ل٢٠٦ ) . لـەو وەسـفانەی کاراکتەرەکانـدا خوێنـەر لەخۆیـەوە خۆشەویسـتی و لایـەنگری بـۆ هەندێکیان و ڕق و دژایەتی بۆ هەنـدێکی تـری لـەلا دروسـت دەبێـت، چونکە نووسـەر بـە هـۆی وەسفەوە وێنـای جـوان و ناشـیرنی بەهـەر یـەکێکیان بەخشیوە، لەبـەر ئـەنجامی ئەمەشـدا کەسایەتی و ئاکـار و خـووو ڕەوشـت و هەڵوێستی کەسێتییەکان روون دەبێتەوە، لایەنی ئیجابی و سلبی کەسێتییەکان وەسفدەکات. دیارە چەندین جـۆر دیمەنی تری وەسفی کاراکتەرەکان بەدی دەکرێت، کە ئەسـتەمە هـەر هـەموویان دەستنیشـان بکـەین و لەسـەریان بووەستین. ئیمە بەوەندە دەوەستین و دیمەنی تر ناخەینە روو لەبەر کەمی ماوە و درێژبوونەوەی بابەتەکە.

## باسی دووەم : وەسفی شوێن

شـوێن وەك واقیـع بریتییـە لـەو جێگایـەی کـە مـرۆڤ و گشـت زینـدەوەرەکانی تـر لەسـەی دەژیـن و بـووە بـە سەرچـاوەی کێشـە و کێشـمە کێشـەکانی مرۆڤـەکان لـە نێـوان خۆیانـدا، لەسـەر خاوەندارییـەتی کردنـی و بـە پیرۆزترین شت دادەنرێت، ئامادەن لەسەری گیانی خۆیان بکەن بەقوربانی، دیارە لەکاری ئەدەبیشدا هـەمان ئـەو پیرۆزییەی هەیە بریتییە لەو(( پانتاییە، کە رووداوەکان لـە کـاتێکی دیاریکراوی زەمەنیـدا روودەدەن و لەلایـەن کەسێتییەکانەوە پەرەدەسێنن و بەرەوپێشەوە دەبـرێن )).[1] لـە ڕۆمانـدا شـوێن یەکێکـە لـە توخمـە گرینگـەکان، چونکە ئەگەر شوێن نەبێ ئەوا ڕووداو و کەسەکانیش ئەو بوون و کاریگەرییەیان نابێ هـەر بۆیـە (( لـە ڕۆمانـدا شـوێن ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە. چونکە هـەموو ڕووداو و کێشمە کێشـان لەسـەر ئـەو ڕووبـەرەدا جوڵـە و ئاراسـتە دەکرێن ))[2]. هەروەها بەهۆی شوێنەوە دەتوانین بابەت و ڕووداوەکان بناسینەوە کە باس لە چ نەوە و میللەتێك

---

[1] ئاری عوسمان خەیات، بنیاتی رووداو لە رۆمانی( پاشایان کوشت)ی (خوسرەو جاف)و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفرێت)ی ( عەبدواخالیق رکابی)دا، ل٤٨.

([2])سابیر ڕەشید ، ڕۆمانی کوردی ، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس ،چاپی یەکەم ،٢٠٠٧ ، ل١٥٠ .

دەکات، چونکە (( زۆر لە لێکۆڵەران ڕەگەزی( شوێن ) وەك ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە قەڵەم دەدەن))[١]. سەرەڕای ئەوەی کەوا نووسەر ڕووداوی ڕۆمانەکەی لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە، لەگەڵ ئەوەش کاتی ڕووداوەکان و شوێنەکەی دیاریدەکات، وەك ناوهێنانی ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکەی تیادا ڕووی داوە، هەروەها کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە . لەوەش زیاتر، شوێن، لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە لە کارە ئەدەبییەکاندا بەدیاردەکەوێت هەربۆیە دەتوانین بڵێین کاری فلان سەر بە فلان وڵاتە.[٢] هەروەهاشوێن لە توانایدا هەیە گاریگەریی خۆی لەسەر کاراکتەرەکان جێبێڵێت و هەڵس و کەوتێکی تایبەت لەسەر تاکەکان دروست بکات، شێوازی ژیان و گوزەرانەکان وەکو یەك نین و پێچەوانەی یەکترن، ئەمەش بەپێی جۆراوجۆری ژینگەو جوگرافیاکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە هەڵچوونی دەریاکان لە وەرزی زستاندا هەڵس و کەوتێکی تایبەت دروست دەکات لەسەر کەشتیوان و ئەوانەی لە ناو دەریاکاندا کاردەکەن. هەروەها زیندانەکان و نەبوونی ئازادی وەکو کوشتنی گیانی مرۆڤ و هەستەکانی، هەروەها دڵرەقی پاسەوانەکانی زیندانەکان، زیندانە تاکەکەسییەکان کاریگەرییەکی تایبەت دروست دەکات لەسەر هەڵس و کەوتی زیندانییەکان.[٣] زیاتر لەوەش دەتوانین بڵێین: (( شوێن کە بریتییە لەو مەکانەتەی کە مرۆڤ بەخۆیەوە دەبەستێتەوە و دەبێتە شوناسێکی جوگرافی و فەرهەنگی و کەلتوری، بەڵکو پێگەو شوناسی کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە ))[٤]. لێرەدا گرنگی شوێنمان بۆ دەردەکەوێت لەناو دەقی ڕۆماندا، بەڵام ئایا تا چەند کاریگەری و ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان (( شوێن تەنها بە ئامادەبوونی وەك ژینگەیەك، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدەن و کەسێتیەکان تێیدا هەڵسوکەوت دەکەن و چالاکیەکانیان ئەنجامدەدەن. بەشداری لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا دەکات، نەك بە هاوبەشی کردنی لە دیاری کردن و گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکاندا ))[٥] ، پێویستە ڕۆماننووس لە کاتی وەسفی شوێندا بە شێوەیەکی ورد و شیارانە کارەکەی ئەنجام بدات، چونکە شوێن لە هەر کارێکی ڕۆماندا ناتوانرێت ڕووت بکرێتەوە لە وەسفکردن و لێی جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا شوێن بێبەش دەبێت و بەتاڵ دەبێتەوە لە هەموو بەهایەکی هونەری، بەڵام ئەگەر هاتوو شوێن هاوشان بوو لەگەڵ وەسفکردندا ئەو کاتە ئاستێکی بەرزی پێدەبەخشێت.[٦] واتە (( دەبێت بەشێوەیەك وەسفی شوێن بکرێت کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە بە کارەکتەرەکە ئاشنا بێت ))[٧] ، کەواتە بوونی شوێن لە نێو دەقیدا و وەسف کردنی لەلایەن ڕۆماننووسەوە هەر بۆئەوە نییە کە دەقەکەی یان کارەکتەرەکان و سروشت و شوێنەکانی پێ برازێنێتەوە و بەس، بەڵکو دەبێ مەبەستی ڕوون و ئاشکرابێ و لەهەمان کاتیش شوێنی ڕووداوەکان تا دەکرێ بۆ خوێنەر زیاتر ڕوون بکرێنەوە، چونکە (( شوێن ئەگەر تەمومژاوی و لێڵ و بێناسنامە بوو. هەر ناوی گشتی بوو هیچ سەنگێکی هزری نادات بەدەستەوە، چونکە لە حاڵەتی وادا نوسەر ناتوانێ ئەوەی دەی بینێ یان مامەڵەی لە تەکدا دەکات بە هەستێکی هونەری گەش و دیاری بسپێرێت )).[٨] نوسەر لەسەرانسەری کارەکەی ناتوانێ دەستبەرداری بەکارهێنانی شوێن بێت وەك ئەوەی کە

---

([١])پ.ی.د. هیمداد حسێن ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، ل٢٧٧ .

[٢] مهدي عبيدي، جماليات المكان في ثلاثية حنا مينه ، ص[٣١].

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل[١٩١].

([٤])ئەنوەر حسین ، ڕۆمانێك لە گفتو گۆدا ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل١٢٠ .

([٥])میران جەلال ، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا ، مەڵبەندی کوردۆ لۆجی ،چاپخانەی ڕەنج ، ٢٠٠٩ ،ل٤١

[٦] احمد عوين، دراسات في السرد الحديث والمعاصر، ص[٧٣].

([٧])جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، ل١٤٦

([٨])حەمەکەریم عارف، دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان ، یەکێتی نوسەرانی کورد لقی کەرکوك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراپخا،٢٠٠٨ ل١٩٤

لەسەرەتادا وەسفی بکات و پاشان پشتگوێی بخات و نەی هێنێتەوە ناو باس، بەڵکو لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانگارییەکان ئەویش دەگۆڕێت. دووبارە پێویستی بە وەسفێکی تر هەیە بۆیە (( شوێن دەبێ ، لە سەرانسەری کاری هونەریدا بوونی هەبێت و بەشداریەکی کارا لە بونیادی کارەکە بکات ..تێکەڵاوی وردودرشتی ڕووداوەکان ببێ و ڕەهەند و ئاستەکانی دەوڵەمەند بکات ))[1] ، ڕۆمانووس وەسفی شوێنەکە بە پێی پێویستی بابەت و کاتەکەی دەکات، چونکە هەموو کات نابێ هەر بە شێوەیەکی سەرپێی و کورت بێت، بەڵکو جاری واهەیە دەخوازێ زیاتری لەسەر بوەستێ، چونکە (( شوێن، شوێنێکی گرینگی گرتووە، جاری واش دەبێت بە وەسفێکی دوورو درێژ باس لە شوێنی ڕوودانەکە دەکرێت ))[2].

مامۆستا حسێن عارف لە ڕۆمانی هێلانەدا زۆر گرنگی بە وەسفی شوێنی ڕووداوەکان داوە و هەموو جۆرە وەسفێکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەی تیادا ڕوویداوە و کردوونی بە مەیدانی کێشە و ململانێکان بە شێوازێکی جوان بۆ خوێنەری بخاتە ڕوو هەربۆیەشە(( لە هێلانەدا تیشکێکی زۆر خراوەتە سەر شوێن، بۆیە وا هەست دەکرێت ئەوەندە بایەخ دراوە بە شوێن، ئەوەندە بایەخ نەدراوەتە کات، چونکە ڕۆماننوس مێژووی ڕووداوەکانی ڕاستەوخۆ دیاری نەکردووە، بەڵام دیاری کردنیشیان کارێکی گران نییە، بە هۆی شوێنەکان و ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان هەیە پێیانەوە مەزندە دەکرێن )).[3] ، بە شێوەیەکی وەها باسی گوند و ڕووبار و دۆڵ و ناوچەکەمان بۆ دەکات کە خوێنەر بە هۆش و جەستە خۆی لەنێو شوێنی ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە،(( ڕۆماننوس وەك جوگرافیا ناس و شارەزایەکی ناوچەکە یەکە یەکە ئەم شوێنانە کە گوند و چیاکانی و دار و درەخت و ئەشکەوت و ڕووبار و زێ و دارستان و زورگ و کێڵگە و سەرزەوی ژێر زەوی ئەم ناوچەیەن ))[4] ، کاتێ جافر بۆ گوندی حاجی سبحان دەگەڕێتەوە بەم جۆرە وەسفی سنورەکە دەکات (( قەدپاڵ و قەدپاڵ بە ماتە ماتە، خۆم گەیاندە ناو تاشە بەردەکانی سەروملە. لە وێوە سەرەتاتکێم کردە دیوی پێدەشت. لە دوو سێ چرە دووکەڵ بەولاوە کە لە دوور بە ئاسماندا لوولی دەخوارد هیچی ترم نەبینی. تەلیسمەکەم لەلا ئاڵۆزتر بوو، ڕوانیمە حاجی سبحان. گڕی بە کڵپەی ڕوو لە کزبوون بوو...نەم هێشت خۆر بە ئاسۆدا داخزێ بەسەر لوتکەی ( قوچەك )ەوە بوو، هەردوو پێدەشتم وەك بەری دەست دەکەونە بەرچاو لە دووکەڵی گوندی سوتاو زیاتر هیچی ترم نە بینی ...)) (هێلانە ، ل ٦٩ ). بەم شێوەیە لەسەرزاری کارەکتەرێکەوە وەسفی ناوچەکە و ڕووداوەکانمان بۆ دەکات. یان لە وەسفی گوندە سوتاوەکەدا دەڵێ: (( دەرەدوو وەکو حاجی سبحان و کانی وەلی نەبوو. کە گەیشتم سەرەتا لامدایە تاوێرەکانی پشتیەوە و تێمڕوانی. خانوو بە خانووم بەڕوونی دەبینی. بە ژمادە شەشیان بەر بۆردومان کەوتبوون و ڕمابوون و ئەوانی تر بەپێوە بوون، بەڵام هیچ ورتە و جوڵەیەکی ژیانیان پێوە هەست پیوە نە دەکرا...خۆم گەیاندە نزیکترین خانوو لێمەوە هیچ کەلوپەلێکی بە نرخی تێدا نەهێڵرابوون هەرچی شڕەو پڕەیەکیشی تێدامابوون، پەرت و بڵاو تێدا فڕێدرا بوون. تریفەی لەتە مانگەکە لە دەرگا و پەنجەرەی والای ژورەکانەوە دەپرژایە ناوەوە و کزە ڕووناکییەکی پێدەبەخشین. لە یەکەم ژووردا کە پێم تێنا مەنجەڵە ماستێکی ڕژاو و پارچە کولێرەی ژێر پێ کەوتووی ڕەقەوە بووم دەستگیر بوو...)) (هێلانە ، ل٨٣ ) .

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩٥.

([2])سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی گشت چاپ و بڵاو کردنەوەی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری،٢٠٠٥، ل١٤٧.

[3] تانیا ئەسعەد محەمەد صالح، بنیاتی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل[156].

([4])سابیر ڕەشید ، ڕۆمانی کوردی ، ل٣٢١.

لە وەسفی یەکێك لە ئەشکەوتەکانی گوندەکەی کە جێگەی پارتیزانەکانە لەسەر زاری پالەوانەکەی بەم شێوەیە وەسفی دەکات (( ئەوسا ئەو بە وردی کەوتە چاوگێڕان، ئێرە لای ڕاستی ئەشکەوتەکەیە، هەر بەڕاستی کراوەتە ژوورێك و لە هیچ پێویستیەکی سەرەکی کەم نییە. بە تەیمانێکی چڕ تەنراوە بە لقەدەوەن و ئاخنراو بە پووش و پەڵاشە لەلای دەرگاوە بۆ بنەوەی ئەشکەوت بە درێژی و لەزەویەوە تا بنمیچ بە بەرزی. بۆی کراوەتە دیوار. سەرانسەری بە بەتانی کۆنە دادوراوە. لە بنەوە دەرگایەکی تەیمان بەندی بۆ کراوە. سێ دیوارەکەی تری پێکەوە. یەك دیواری کەوانەیی پێکدێنێ و بەوە ژوورەکە، شێوەی نیوە بازنەیی وەردەگرێ بەرزترین شوێنی بنمیچ کە نزیك دەرگای دەرەوەیە، لە سێ مەتر بەولاوەنییە، نزمترین کە دەکەوێتە بنەوە، لە مەتر و نیو کەمتر نییە. بەدرێژایی دیوارە کەوانەییەکە، بەپێی کون و کەلەبەر، ئەسڵیەکانی چەندین تاقی تێدا ڕێکخراون هەرتاقە و بۆ جۆرە پێویستیەکی ڕۆژانە...) (هێلانە ل ٢٤٨ ). بەو وەسفە جوانە، ئەشکەوتەکەمان وەك ماڵ و ژوورێکی ئاسایی بۆ ژیان ڕەخساو دەخاتە بەرچاو. لە وەسفی ماڵیشدا، وەسفی ماڵی (پورە عەتاو) بەم شێوەیە دەکات (( خانووەکە گەورەترین خانووی ناو گەڕەکە. باڵەخانەیەکی دوو نهۆمییە لە تەرزی ڕۆژهەڵاتی و حەوشەیەکی بەرینی هەیە. دوو نهۆمەکە هەر یەکەیان بریتین لە هەیوان و پشتەیوان و دوو کەلەگی. ئاودەست و حەمام و سەرتەنوور. لە ڕیزی هەیوان و ژوورەکەی لە مەڕ ئەمەوەن . حەوشەکەش سوکە باخێکی میوەجاتی پشتگوێ خراوی تێدایە و لە سەر پەڕیەوە، بەلای کۆڵاندا پشت دەرگاکە، پیرەدار توەکە و چڕستانێك لقوپۆپی، بە دەوری خۆیدا بڵاو کردۆتەوە))( هێلانە ، ل٢٩). لە وەسفی ئەو ماڵەدا ئەوندە بە جوانی و بە وردی چۆتە ناو وردەکاری و پێکهاتەی شوێنەکەوە، کاتێ دەیخوێنیتەوە وا هەست دەکەی لەنێو ئەو خانووە دای و هەست ناکەی کە ئەمە شتێکی وەهمی بێت و کارێکی ئەدەبی بێت، بەڵکو هەست بە واقیعی ئەو جێگاو ماڵە دەکەی، چونکە (( شوێنەکان بەشێوەیەك بەرجەستە کراون، وەك فلیمێکی سینەمایی دێتە بەرچاو، بێگومان ئەمەش بە هۆی ئەو وەسفە ورد و بە دیقەتەوەیە کە ڕۆمانووس بۆی کردوون))[1]. زۆربەی ڕووداوەکان و زەمەنی ڕۆمانەکە لەو ژوورە ڕوودەدەن. وەسفی شوێنەکان هێندە زۆر و بەرفراوانن، هەرواها ئەوەندە جوان و رازاوەن، توێژەر لە ئاستیاندا دۆشدادەمێنێ، گەربیبەوێ چەند دیمەنێك هەڵبژرێ بۆ قسەلەسەرکرد، نازانێ کامەیان هەڵبژێرێ، دەست بۆ هەریەکەیان دەبات هەست دەکات غەدری لەوەی تر کردووە، کە وەلای ناوە، بۆیە قسەکردن لەسەر وەسفی شوێن لە( هێلانە) قورسە و ناتوانی هەموو شوێنە وەسفکراوەکان ئاماژە پێبدەی، تەنها دەتوانی وەك نموونە هەندێکی لێ هەڵبژێری و باسی بکەی، ئێمەش تەنها ئەوەمان کردووە.

## باسی سێیەم: وەسفی سروشت

سروشت بریتییە لەو جیهانە فراوانەی کە مرۆڤ لەسەری دەژی و لە دەوروبەریدا هەیە، کە ئەویش بە دوو شێوە دەردەکەوێت: یەکەمیان بریتییە لە سروشت و هەموو ئەو شتانەی کە لەخۆیدەگرێت، چونکە (( سروشتی بێ گیان ڕەگەز و دیاردەکانی زۆرن وەك زەوی، ئاسمان، ئەستێرە، دەریا و ڕوبار، دەشت، شاخ، دۆڵ،....هتد کە ئەمانە و هاوجۆرەکانیان سروشتی ڕاستەقینەیان پێ دەوترێت))[2]. جگە لەو سروشتەی کە دەستکردی خواوەندە و هیچ خواست و دەستی مرۆڤی تێدا نییە لە دروست بوونیدا. جا ئەگەر جوان بێ یان ناشیرین. خۆش بێ یان ناخۆش ئەوە دیاری خودایە و بەو شوێن وناوچەیەی بەخشیوە. بەڵام جۆرێکی تر لە سروشت

[1] تانیا ئەسعەد مەحەمەد، بنیاتی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل١٨٤.

([2]) د. فازیل مەجید مەحمود ، سروشت لە شیعری گۆران دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧، ل١٥.

هەیە کە ئەویان جێ پەنجەی مرۆڤی پێوە دیارە و لە داهێنان و دروستکردن و لەسەر خواستی ئەوە و بەپێی ئارەزوو و خواستی مرۆڤ هەڵدەسوڕێت، بۆنموونە ((خانو و کۆشك و دێهات و شوێنەوار و بەست...هتد دەچنە ڕیزی ئەم جۆرەوە ))[١]، جۆرەکەی تری سروشت یاخود جۆری دووەمی بریتییە لە (( سروشتی زیندوو، هەموو باڵندە و ڕوەك و ئاژەڵ و گیانلەبەرێك دەگرێتەوە جگە لە مرۆڤ ))[٢] . لە بارەی وەسفی سروشتەوە، لە رۆمانی ( هێلانە )دا نووسەر وەسفی چەندین دیمەنی سروشتی کوردستانمان دەخاتە بەرچاو، بۆنموونە کاتێ کە وەسفی سروشتی گوندی حاجی سبحان دەکات بەم شێوەیە دیمەنی گوندەکەمان بۆ دەنەخشێنێ و دەڵێت: (( بەئاوایی و دەوروبەریدا هەڵدەڕوانی ماڵ بە ماڵی... کۆڵان و سەرەنوێلکەکانی ..مزگەوت و قوتابخانەکەی.. کانیەکانی و جۆگەلەکانیان کە بە قەڵبەزە، بەرەو کێڵگەکانی لای خواروی ڕۆدەچوون..باخ و ڕەزەکانی دامێن و قەدپاڵی کەژ و کێوەکانی..چیاکانی هەر چوار لای کە وەك شورەیەك ، بە دەوریدا ئەلقەیان بەستبوو..))( هێلانە ،ل٨ ) . هەروەها کاتێ وەسفی یەکێك لە وەرزەکانی ساڵ دەکات، ئەویش وەسفی بارانی زستانی کوردستانە دەڵێت: (( لە دەمە عەسری ڕۆژێکی باراناویدا. نەك تروسکە و سووسە، بەڵکو گەشەیەکی لێهەڵوەری. لە بەیانییەوە وەك کوندەی سەر بەرە و خوار کردبێتەوە، بە ڕەهێڵە دابوویە دەمی و زستانی بە پایزەوە گرێ دەدا ئەم ئەو ساتە چوو بووە بەر پەنجەرەکە و بە تاسەوە ، دەیڕوانیە لێزمەی بارانەکە... ))(هێلانە ،ل١٨٤ ). هەروەها لە شوێنێکی تر دیسان وەسفی وەرزی زستانمان بۆ دەکات. بە وەسفێکی هێندە ورد و جوان و ڕێك، خوێنەر راستەوخۆ بەرۆح و جەستە لە شەقەی باڵ دەدات و دەچێت نێو کەژ و چیاکانی کوردستان و چۆنییەتی باران بارین و ئەو لافاوی خێر و بەرەکەتە، بەچاوی واقیعی خەیاڵی خۆی دەبینێت، کە جاری جاران وەرزی زستان و بەهار بەم شێوەیە بوون، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو جۆرە باران و بەفر بارینە زۆر کەم و دەگمەن بووە، بە هۆی گۆڕانی ئاو هەوای ناوچەکە(( بارران هێشتا بە رەهێڵە دەباری. ئەم کە بەیانییەکەی تاریك و روون، بۆ نۆرەی ئێشکگرییەکەی سەرکەوتە سەرەوە، تەنیا پەڵە پەڵە هەور بە ئاسمانەوە بوو. ئەوانیش وەك رەشە بایەك راویان بنێ، چنگ لەسەر شان لوولیان دەخوارد و هەڵدەهاتن. بەڵام لە چێشتەنگاودا هێور بوونەوە. وردە وردە چوونە پاڵ یەکتری و بەری ئاسمانیان تەنی. تا کاتێ کونبڕیان کرد، بۆ ماوە نیو سەعاتێك بەنمە دای داو ئیتر کردییە رەهێڵەیەك کە تەنیا بەیناو بەینێك، بۆ ماوەی جگەرەکێشانێك خاوی دەکردەوە. دەبووە نمەیەکی وردی هێمنی کشومات و وات دەزانی، کە ئیتر کۆتاییە و خۆشی دەکاتەوە. تا لەناکاویکدا، وەك دەستێك لە غەیبەوە قوڕمیشی بکا، بای دەدایەوە سەری رەهێڵەیەکی بەخوڕەمتر، کە دەتوت بەنیازە ئەو کەژو کێو و بەندەنانە، بتلیسێنیتەوە ناو دۆڵ و چەم و خەرەندەکان و رایان بماڵێتە پێدەشتەکانەوە)) (هێلانە، ل٢٧٢). هەروەها لە دیمەنێکی تردا دیسان بەم شێوەیە وەسفی باران و بەهار دەکات (( تۆفانەکە خۆشی کردەوە. کە رۆژ بۆوە، کردبوویە سایەقەیەکی ساماڵی بەهارەی گەشکەبەخش. رووبار هەرچەندە هێشتا چەمووش و پڕاوپڕی ئەمبەرو ئەوبەری چەم بوو...)) هێلانە، ل٢٧٥). هەروەها لە چەند دیمەنێکی تر وەسفی بەفر و باران دەکات بۆنموونە لە دیمەنەکانی لاپەڕەکانی (١٥٩، ١٨٨، ٢٣٧، ٢٣٩، ٢٥٩، ٢٦٠) هەمووی وەسفکردنی کەش و هەوای بەفرو بارانە، بە مەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر زۆر کاریگەرە بەو جۆرە کەش و هەوایە، و زۆر لای جوانە، چونکە زۆر بەجوانی وێنای کێشاوە، بۆیە لەو هەموو شوێنە باسی کردووە، کە لە هەموو شتەکانی تر زیاتر گرنگی پێداوە. هەردیسان لە وەسفێکی تری شوێنی نیشتە جێبوونی دەستەی پێشمەرگە پارتیزانەکان دەڵێت:(( دیسان

(١)سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەرچاوەی پێشوو .

ئەشکەوتی تونێڵە شارە زیوینەکەی ژێرزەمین . دەستە بەڕێوەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکەی. بەرەبەیانێکی سەرەتای هاوینە .تازە خەریکە سپێدە دەدا، کێوەکانی دەوروبەری بە لێلی دەبینرێن. جافر دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە. چرا دادەگیرسێنێ ...)) (هێلانە، ل٢٨١ ). هەروەها لە وەسفی سروشتی کوردستان و شاخ و کێو و تەلانەکان بەم شێوەیە وەسفی دەکات(( ئەم بە وردی کەوتە هەڵڕوانین. لە قووڵایی دۆڵێکدان و لەبەردەمیاندا، سێ لکی لێدەبێتەوە. یەکەمیان بۆ پێشەوە، درێژەپێدانی دۆڵەکەیە. دووەم و سێیەم دوو دابڕن، کە دەمی شمشێرێکی خوداوەندی، لە ئاسمانەوە وەشێنرابێ و هەردوو شاخی، ئەملا و ئەو لای دۆڵەکەی شەق کردبێ!. ماوەیەك بە دەوری خۆیدا خولایەوە. بینای بەوردی، بە ترۆپك و قەدپاڵ و خەرەند و دابڕەکاندا گێڕا ))( هێلانە، ل٢٦١ ، ٢٦٢). ئەگەر بە وردی چاو بە هەموو ئەو وەسفانەی سروشتدا بخشێنین، ئەوسا تێدەگەین کە چەندە شارەزایانە رۆچۆتە نێو، سرشتی جوانی نیشتمان و چۆن بەچاوی عەشقەوە تێی دەڕوانێ. یاخود سروشتی زیندوو، واتە ئاژەڵە کێویەکانی نێو سروشت، ئاکار و تەبیعەتیان، چۆنییەتی خۆگونجاندیان لەگەڵ سروشت و مرڤەکاندا، چەندە لەو بوارە شارەزایە و لەنێو رووداوەکاندا وێنای کردوون، سەرەڕای کەشوهەوای هەموو وەرزەکانی ساڵ. نەخشاندنی جوانی هەریەکەیان، چونکە هەریەکەیان خاوەنی جوانی تایبەتی خۆیەتی، کە جیاوازە لەوەی تر و هەریەکەیان بەو خەسڵەتانەوە جوانن کە خوا پێیبەخشیون.

## باسی چوارەم: خەیاڵ و ئەندێشە

لە هەندێ حاڵەتدا کاتێ نووسەر نەتوانێ شوێنێکی باوەڕ پێکراو و ڕاستەقینەمان بۆ وێنا بکات، دوور نەبێت لە زەین و بەری ئەزموونی رابردوو و ئێستامان، لەبەرئەوەی مرۆڤ نەیتوانیوە بەم جۆرە شوێنانە بگات و بەشێوەیەکی راستەقینە ژیانی تێدا بەرجستەی بکات، هەر بۆیە لەو کاتەدا پەنا دەباتە بەر خەون و خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆی، دیارە ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە (( ئەگەر خەونی مرۆڤ لە زەوی گەورەتر نەبوایە مرۆڤ هەرگیز نەی دەتوانی پەی بە نهێنیەکانی گەردوون بەرێت و بۆشایی و ئاسمان تەی بکات، یان ناکرێت بە بێ خەونی گەورە، داهێنانی نوێ و گەورە بێتە کایەوە ))[1]، دیارە هەموو کەسێك لە خەسڵەت و رەهەندەکانی شوێنە واقیعییەکان تارادەیەك شارەزایە و لەهەر جێگایەك کە شتێك لە بارەیانەوە دەخوێنێتەوە دەیان ناسێتەوە بە حوکمی ئەوەی رۆژانە ئەو جۆرە شوێنانە بەر چاو گوێی دەکەون، بەڵام شوێنە خەیاڵییەکان زیاتر نامۆن بە مرۆڤ پێی ئاشنا نییە، کەواتە شوێنی خەیاڵی (( ئەو شوێنەیە لەسەر زەوی بوونی نییە و بەرجەستە و واقیعی نییە))،[2] هەر ئەم تەکنیك و هونەری خەیاڵ و ئەندێشەیە زەمینە خۆش دەکات بۆ نووسەران، کە لەو گێر و گرفت و ئەستەمانە ڕزگاریان بێت، ئەویش لەو کاتانەی هەندێ رووداو و دیمەن خۆیان دەکەن بەنێو بابەتەکەو دێنە ناوەوە و خۆیاندەکەن بەنێو زەین و بیری نووسەر، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانێ بەرجەستەیان بکات و بیانخاتە روو، لێرەدا پەنا بۆ جیهانی خەون و خەیاڵ دەبات و لەو رێگەیەوە بەجوانی دەتوانی چی بوێت و ئەوەی بەنێو خەیاڵیدادێت بەبێ کێشە بیخاتە روو و بگات بە ئامانجەکانی، چونکە (( خەون مەودایەکی باشی داوەتە بنوسی کورد تا بەئارەزووی خۆی هەندێ کاری خەیاڵی ئەفسانەی دوور لە واقیعەوە بئاخنێتە نێو بابەتەکەیەوە کە لەوانەیە کاری ناسروشتی بن و نوسەر نەتوانێت بە

(1)ئارام سدیق ، ستاتیکای گێڕنەوە، یانەی قەڵەم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد، ٢٠٠٩، ل٨٦.

2 د. پەری صالح موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، ل١٦٥.

شێوەیەکی سروشتی و واقیعی ئەنجامیان بدات بە دەستەوە ))[1] ، هەروەها نووسەر لە زۆر کات و ساتدا دەیەوێ جوانترین سیفاتی جوانی بێگەردی بەو شوێنانە ببەخشێت کە خۆی دەیەوێت و مەبەستییەتی ، هەربۆیە (( هەندێ جار ئەو شوێنە بە خەیاڵ، وەك بەهەشت وەسف دەکات و بە ڕەمزێکی دادەنێت ))[2] . دیارە ڕۆمانی ( هێلانە ش بەدەر نییە لەو جۆرە دیمەن و وەسفانە، بۆ نموونە لە وەسفی شارە زیوینەکە و خەڵکەکەی ئەم ڕێگایەی گرتۆتەبەر، (( تاکە شوێنی فانتازی لەم ڕۆمانەدا، ئەو شارە خەیاڵییە، ئەفسووناوی و ئەفسانەییەی نێو ئەشکەوتی تونێلە، لەناوی ئەم ئەشکەوتەوە دیارە کە کونی ئەشکەوتەکە دوورودرێژە. هەموو شوێنەکانی نەپشکنراوە، نادیارە، هەربۆیە ئەفسانەیەکی خراوەتە پاڵ.))[3]، چونکە لە سروشت و واقیع ئەم جۆرە دیمەن و کەسانە بەدی ناکرێن، بەڵام ئەو دەیەوێ وەسفی پاکی و بێگەردی و بێگوناهی ڕۆحی ئەنفال کراوەکانمان بکات و پیشانمان بدات، دیارە جوانترین ڕێگاش بۆ نەخشاندنی ئەو دنیایە بە هەموو ئەوشتانەی کە لەخۆیدەگرێت ڕێگای خەون و خەیاڵ و ئەندێشەیە، نووسەر لەو وەسفەدا دەڵێت:((... دەڕوانێتە دەرگای تونێلەکە. چاوی لەسەر دەرگا گیردەکات. لەرەیەکی پێوە دەبینێ، لەرە لەری بیژنگێك و بەرامبەر تیشکێك ببزوێنرێ .لەرە لەرو تیشکەکە ڕوو لە خێرایی و درەوشانەوەن. دەرگا لەسەرەخۆ دەکرێتەوە. تارماییەکی ئاودامان سپی..سپی وەك چوڕی شیر، لەناو تیشکەکەدا تیشك دەداتەوە. ڕووەو ئەم ڕاوەستاوە. پەنجەیەکی تیشکدار بە سۆزەوە بۆ ئەم هەڵدەتەکێنێ. دەڵێ: وەرە..وەرە!...تیشکێکی ناو تیشکەکە کەمەند کێشی دەکات. جەستەی لێدەکاتە پەپولە پایزەیەك و لەگەڵ خۆیدا دەیبا. ماوەیەك لێی جودا دەبێتەوە. ئەم خۆی ئێستا بەناو تونێلە سپییەکەدا، کە بۆتە چراخانێك هەڵدەفڕێ. بەسەر پلیکانەیەکی هەزار بە هەزاردا، بۆقوولاییەکی زۆر قووڵ دادەفڕێتە خوارەوە. شارێکی لێدەردەکەوێ و دەیگاتێ. شارێکە لە زیو، لەژێر ئاسمانێکی زیویندا و بە بەر خۆرێکی زیوینەوە. پەپولە ئاسا دەنیشێتەوە. شار و خەڵکەکەشی زیو پۆشن تەنانەت زیو پێستیشن. هەموو سەرقاڵی یەك جۆر ئیشن...)) (هێلانە، ل٢٥٢،٢٥٣ ). نووسەر هەروا ئەم وەسفە جوانەی نەکردوە، بەڵکو بۆ گونجاندن و گوزارشت کردنە لە حاڵەتی دەروونی کاراکتەرەکانی بۆ ئەوەی زیاتر لە رووی دەروونییەوە بە خوێنەری بناسێنێت و هیوا و ئاوات و پلانەکانی داهاتووی بخاتە روو، چونکە (( ئەم شوێنە فەنتازییە و سروشتی نامۆی تەواو لەگەڵ باری دەروونی و هەست و سۆزی برینداری سوبحاندا گونجاوە، بەڵام بەشێوەیەکی هێمایی، هێما بۆ خەڵکێکی بێگوناح و پاك و بێگەرد، بەرەو ئەو ئەستێرەیە دەچنەوە کە لێوەی هاتبوون))[4] ،ئەو رەنگە سپییەی کە وەك چوڕی شیر وەسفی دەکات و لە زۆر شوێن دووبارەی کردۆتەوە چ لە وەسفی خەڵکەکە، چ لە وەسفی شارەکە و هەموو کەش و هەوا و فەزای ئەو شوێنە، تەنانەت هەرکەسێ بچێت بۆ ئەوێ رەنگ و سەرتاپای لەش و جلەکان سپی دەبن، ئەمەش گوزارشتە لە پاکی و بێ گوناهی ئەنفالکروەکان و ئەو دنیایەی کە بۆی چوونە کە بەهەشتە.

لە وەسفێکی تریدا کە دەتوانین بڵێین ئەو وەسفە وەك گریمانەیە، چونکە دەزانێ ئەو جۆرە ڕووداو و شوێنە هەیە، بەڵام خۆی بەچاو نەی بینیوە، بەڵام بوونی بە شێوەیەك لە شێوەکان هەیە(( شوێنی گریمانکراو زادەی خەیاڵی ڕووتە. دەکرێ هەندێك لە تایبەتمەندیەکان لە واقیعەوە وەربگرێت، بەڵام بە دیاریکراوی نا ))[5]. جا بۆ

---

([1])د.ئازاد حەمە شەریف، محەمەد مەولود مەمی شاکار نوس، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩، ل١٩٣.

[2] د. پەری صالح موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، ل[١٦٥] .

[3] تانیا ئەسعەد محەمەد، بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل [٩٨] .

[4] تانیا ئەسعەد محەمەد، بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل [٩٩] .

([5])سەباح ئیسماعیل، چەمك وئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٠.

وەسف کردنی چۆنییەتی ئەو زوڵم و زۆرەی کە دەرهەق ئەنفال کراوەکان ئەنجامدراوە بە شێوەیەکیوا بۆمان وەسف دەکات، کە خۆی ئەو مەرگەساتەی بە چاوی خۆی و لەبەر چاوی ڕاپێچیان دەکەن، وەك بڵێی سەیری فیلمێکی سینەمایی دەکات و دەڵێت: (( ئێوارەیەکی درەنگە. ئەرز تەماوی و ئاسمان هەوراوییە. خەم و پەژارە دەبەشنەوە. عەشاماتەکە زۆرن. ڕوبارێکە و لەهەموولاوە تێرژاوە. بەرامبەری قافڵەیەکی دووروودرێژی زیلدا ڕاگیراون. زیلەکان چادر بەندن. واخۆر ئاوابوو. گاڵ دەردێ بجوڵێن. دەجوڵێن و دەئاخنرێنە ناو زیلەکانەوە. خەمی گەورەی غوربەت و باوکم لێك دانە بڕانیانە. بنار بە باوەشی غوربەتەوەیە. چنار لە ئامێزی دایکم دایە. هەموو شان بە شانی یەکەوەن. غوربەت سەرنج دەدات چادر بەسەر پشتەوەشدا دادەدەنەوە. شەتەکی دەدەن و بەری بینینیان لێدەگرن. ترس دای دەگرێ و بەگوێی باوکمدا دەچرپێنێ: مامە دەبینیت!؟... بۆچی حەشارمان دەدەن !؟ باوکم وریایە و تێدەگا. ئەویش هەستی کردووە. بەڵام ناچارە مەترسی لەدڵدا برەوێنێتەوە. دەڵێ: هیچ نییە..کاری سەربازی وەهایە.)) (هێلانە، ل٢٢٢). ئەمە و چەندین دیمەنی تری سەر سوڕهێنەر و جوان و پڕ لە ئستاتیکا و فەنتازی و سیحری وەکو ئەشکەوتی تونێل و حەشارگەکە، وەکو تابلۆیەکی واقیعی بۆمان دەنەخشێنی، تائەو ئاستەی دەگاتە لوتکەی جوانی و خەیاڵ و ئەدێشەی داهێنەرانە، کە لەو دوو شوێنەدا خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەر ئەو پەڕی ڕۆڵی بینیوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنە جوانانە بەرهەم بێنێ. جا لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەمان زۆر درێژە نەکێشێ بەدرێژی لەوە زیاتر ئاماژەین بۆ ناکەین.

## ئە نجام

لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مامۆستا(حسێن عارف ) لە نووسینی ڕۆمانی (هێلانە)دا هەموو تەکنیکەکانی هونەری بەکار هێناوە . یەکێك لەوانە وەسفە. کە بە شێوەیەکی هونەری و ئەکادیمی توانیویەتی هەموو جۆرەکانی وەسف بەکاربهێنێت. وەکو، وەسفی جوڵاو و وەسفی وەستاو، کە بە هۆیەوە توانیویەتی هاوسەنگی رابگری لە ریتمی گێڕنەوەی رووداوەکاندا بۆ ئەوەی نەهێندە خاو و وەستاو بێت کە خوێنەر بێزار بکات و لە رووداوەکان دایببڕێت، نەهێدەش خێرا بێت هەمووشتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بکات. بەڵکو بەشێوەیەکی هونەرمەندانەو شارەزایانە توانیویەتی حەقی خۆی بە هەردوو جۆرەکە بدات و بە شێوەیەکی گونجاو هاوسەنگی ریتمی گێرانەوەکە رابگرێت. هەروەها بەهۆی هەردوو جۆرە وەسفی دەرەکی و ناوەکی رووکاری دەرەوەی کەسێتی و شتەکانی ترمان بۆ روون دەکاتەوە، پاشان هەربەوە نەوەستاوە و شۆڕ بۆتەوە بۆ ناخیان و دیوی ناوەوەشیان ئاشکرادەکات، لەگەڵ کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەوەی تر.. هەروەها تەکنیکەکانی وەسفی زۆر بەجوانی شارەزایانە بەکارهیناوە. بۆ نموونەلە وەسفی کاراکتەرەکاندا، توانیویەتی بە شێوەیەکی واقیعیانە وەسفی رووکاری دەرەوە و ناوەوەیان بکات، ئەو وەسفە بووە بە بنیاتی هونەری دروست بوونی ئەو کاراکتەرانە بۆ ئەوەی بە نەمری بمێننەوە . هەروەها وەسفی شوێنەکان وەك شارەزا و پسپۆڕێك، گوند و شار و ماڵ و وردەکاری پێکهاتەی نێو ماڵ و خانوو و دامەزراوەکانمان بۆدەکات، کە بەچاوی راستەقینە بروانینە ئەو شوێنانە. لە وەسفی سروشتی کوردستاندا ئەوەندە بە جوانی ئەم وەسفانەی کردوون، کە کاریگەری و زیندوێتی و پەرەسەندنی رووداو و هەموو رەگەزەکانی تر داوە، سەرەرای جوانی و رازاندنەوەیان، هەروەها توانیویەتی سروشت بە زیندوو و مردوویەوە بە خوێنەر بناسێنێ و لەگەڵیان تێکەڵ بێت. هەروەها بەکار هێنانی تەکنیکی خەون و خەیاڵ بۆ ئەوەی واقیعێکی هونەری لە روانگەی واقیعی فیزیکی دروست بکات ، زۆر سەرکەوتوانە توانیویەتی ئەو تەکنیکە لە نێو ئەو رۆمانەدا بەرجەستەبکات.

## ﴿ سەرچاوەکان ﴾

### بەزمانی کوردی : کتێب


١. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی( پاشایان کوشت)ی (خوسرەو جاف)و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی ( عەبدواخالیق ڕکابی)دا، ئاری عوسمان خەیات، کۆمپیوتەری نارین، ٢٠٠١ .

٢. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا ، میران جەلال، مەڵبەندی کوردۆ لۆجی ، چاپخانەی ڕەنج ، ٢٠٠٩ .

٣. بنیاتی شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، تانیا ئەسعەد محەمەد صالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٤. بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا،سەنگەر قادر شێخ موحەمەد حاجی ، دەزگای نوێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان، چاپ خانەی خانی، ٢٠٠٩.

٥. بونیاد ، محمد نوری احمد ، ناوەندی چاپ و ڕاگیاندنی خاك، چاپخانەی خاك ، ٢٠٠٤ .

٦. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی،چاپ خانەی کەمال،٢٠٠٩ .

٧. چەمك وئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٩.

٨. چیرۆکی هونەری کوردی، زاهیر ڕۆژبەیانی، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان، چاپە دووەم، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.

٩. دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان، حەمەکەریم عارف، یەکێتی نوسەرانی کورد لقی کەرکوك، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا،٢٠٠٨ .

١٠. دەروازەیەك بۆ ڕخنەی ئەدەبی کوردی، پ.ی.د.هیمداد حسێن، دەزگای نوێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خانی ،٢٠٠٧ .

١١. ڕۆمانی کوردی ، سابیر ڕەشید ، دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی ئراس ،چاپی یەکەم ،٢٠٠٧.

١٢. ڕۆمانێك لە گفتو گۆدا ، ئەنوەر حسین ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی ، ٢٠٠٦.

١٣. ڕۆمانی هێلانە ، حسێن عارف، دەزگایچاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ڕوون ، ١٩٩٩.

١٤. ستاتیکای گێڕنەوە، ئارام سدیق ، یانەی قەڵم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد، ٢٠٠٩ .

١٥. سروشت لە شیعری گۆران دا، د. فازیل مەجید مەحمود ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧ .

١٦. شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم ڕەشید سالح، بەڕێوەبەرایەتی گشت چاپ و بلاو کردنەوەی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری،،٢٠٠٥ .

١٧. کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، پ.ی.د.نەجم خالد ئەلوەنی، دەزگای موزیك و کەلەپوری کوردی، ٢٠٠٩.

١٨. گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، د. پەری صالح موفتی، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٩. محەمـەد مـەولود مـەمی شـاكار نـوس، د.ئـازاد حەمـە شـەریف، دەزگـای توێژینـەوەو بڵاوكردنـەوەی موكریانی، چاپی یەكەم ، چاپخانەی خانی ، ٢٠٠٩ .

**نامەی ئەكادیمی**

٢٠. تەكنیكی وەسف لە رۆمانەكانی (بەختیار عەلی)دا، كاروان مەهدی عوسمان، نامەی ماستەر زانكۆی كۆیـە كۆلێجی زمان، ٢٠٠٨.

٢١. ململانێی كەسێتییەكان لەڕۆمانی هێلانەی (حسێن عارف)دا، سەركەوت عمر ابـراهیم ، نامـەی ماسـتەر، زانكۆی كۆیە كۆلێجی زمان ، بەشی كوردی ، ٢٠٠٨ .

**بەزمانی عەرەبی: كتێب**

٢٢. الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، د. ابراهيم جنداري، دار الشؤون للثقافة، بغداد، ٢٠٠١.

٢٣. الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة، د. بسمة نهى الشاوي، مسكيلياني للنشر والتوزيع، تونس،٢٠١٠.

٢٤. تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية، ١٩٩٧.

٢٥. جماليات المكان في ثلاثية حنا مينه، مهدى عبيدي، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، الطبعة الاولى، ٢٠١١.

٢٦. دراسات في السرد الحديث والمعاصر، احمد عوين، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.

٢٧. وظيفة الوصف في الرواية ، عبداللطيف محفوظ، الدار العربية للعلوم ناشرون، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.

**ملخص البحث**

في دراستنا لرواية ( هێلانه) ،( العش) للكاتب (حسين عارف) اتضح أن الباحث استعمل جميع التقانات النفسية، ومنها الوصف، اذ استطاع أن يوظف جميع أنواع الوصف بشكل فني و أكاديمي، مثل، الوصف، المتحرك والوصف الثابت. واستطاع أن يوازن في ايقاع سرد الاحداث كي لا يصيب القارئ بالملك والفتور جراء الوقف و البطء، ولا يخلط الاشياء بسبب الاسراع السرد، بل استطاع الكاتب ان يعطي الابطاء والاسراع حقهما بكل جدارة كي يوازن في ايقاع سرد الاحداث، و قام الروائي باشراك الوصف الخارجي و الوصف الداخلي في النص حتى يبرز لنا المظهر الخارجي للشخصية. ولم يكتفي بوصف المظهر الخارجي بل تناول المظهر الداخلي للشخصية مع تاثير كل منهما على الاخر .. وكان خبيرا في استعمال تقانات الوصف، مثل وصف الشخصيات حيث استطاع أن يصف الجانب الجواني الى جانب المظهر البداني لهذه الشخصيات بصورة واقعية، مما حدا بالكاتب أن يسجل الخلود لها. وقام بوصف الاماكن كالقرية والمدينة والبيت والمقتنيات وصفا دقيقا، وكأننا أمام صورة حية تنبغي بالحياة . و وصف طبيعة كوردستان وصفا يبهر القارئ المتمعن ، بحيث أصبح لهذا الوصف أثرا في الاحداث الاجناس ويستشري في أوردة النص الحياة . ونلحظ أن الراوي استطاع أن يجعل القارئ يتعايش مع الطبيعة سواء أكانت طبيعة حية أم ميتة، وأمكن من أن يجسد تقانات الاحلام والاخلية تجسيدا ناجحا، ليقدم للجمهور او القارئ واقعا خنيا من خلال الواقع التطبيقي البحث.

## Abstract

From this test we see that (Mr.hussein arf) has used all the art techniques by writing the Roman (helana).one of the techniques is (description).He had the ability to use all kinds of description in an artistic and academic way for example motional description. and unmovable description .because of it he has kept the control of the rhythm of telling the happenings that the reader doesn't become tired of reading it not tired of reading it fast. as a result he has controlled both description .in an (appropriate) way. Also because of using the external description and the eternal description. he has shown us the external personally after that he has shown us the internal side and the effects of them on each other. He was a genius in using descriptions for example the description of the characters in a realty way these descriptions are the main cause of leaving the characters immortal .also talking of landscapes he has described them like an expert (Mr.hussein) has described every city. Village , town ,house in a way that the reader reads it as he will be there. (Mr.hussein) as a writer has used the techniques of Imagination to make a reality art.